ڕۆمانی: دڵدارەکەم داعشە … وەرگێڕانی: حەسەن یاسین

ماوەیەك پێش ئێستا كاك (حەسەن یاسین) ی هاوڕێم ئەم كتێبەی (ڕۆمانەی)، كە لە وەرگێڕانی خۆیەتی بە دیاری پێشكەش كردم: (دڵدارەكەم داعشە)؛ منیش ئەمڕۆ – لە سەردەمی ترسی كەرنادا – لە خوێندنەوەی بوومەوە.

دەست خۆشی لێ دەكەم بۆ ئەم ماندووبوونەی، كە هەوڵی داوە بە كوردییەكی باش وەری بگێڕێ (مەبەستم لە شێوازی داڕشتنی زمانە كوردییەكەیە، نەك بەراوردكردن لە نێوان زمانی یەكەم و زمانی دووەم، چونكە من دەقە عەرەبییەكەم لەلا نییە، بەتەماش نیم ئەم كارە بكەم، بەڵكو دەمەوێ بڵێم، كە وەرگێڕ هەوڵی داوە دەقە ئەسڵییە عەرەبییەكە بە تەواوی بكوردێنێ). بەڵاستیش وەرگێڕان كارێكی سەخت و دژوارە و توانا و سەلیقە و پسپۆریی خۆی دەوێ لەم بوارەدا. هەبەت قەناعەتی هەبژاردنی بابەتی وەرگێڕدراو بۆ وەرگێڕ گرنگە. واتە، ئەگەر وەرگێڕ ئەم قەناعەتەی بۆ بابەتەكە (دەقەكە) نەبێ، ئەوا ناتوانێ وەرگێڕانێكی باش و سەركەوتوو ئەنجام بدا…

بەهەرحاڵ من دووبارە دەستخۆشی لە كاك حەسەن دەكەم، بە هیوای بەردەوام بوونی لە كاری وەرگێڕانی بەرهەمی بە پێزتر و باشتر… سەرباری ئەمەش ئەمە لێرە – بە بڕچوونی خۆمان – هەندێك تێبینی و وردە سەرنجی سەرپێیی خۆمان لەسەر زمانی دەقە وەرگێڕدراوەكەیە دەخەینە ڕوو؛ بەڵام بەر لەوە دەمەوێ بڵێم: لەم ڕۆمانەدا زەمەنی گێڕانەوە پێ لە دابڕان و بڕشایی و شوێنیش هەمیشە ونە (یان تەمومژاویە و بە شێوەیەكی ئەبستراكت خۆی دەنوێنێ)، بۆیە ڕووداوەكان زۆر بەخێرایی و لەناكاو بەسەر زەمەن و شوێندا باز دەدەن و بەدوای یەكدا دێن، لەمەوە تێی خوێنەر هەست دەكەی، كە ناماقوڵییەك لە زنجیرەی زەمەنی ڕووداوەكاندا هەیە، بەوپێیەی شێوازی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، شێوازێكی سادەی واقیعییە و ڕاستەوخۆ شتەكانمان لەسەر زاری گێڕەرەوەدا بۆ دەگێڕتەوە… بەهەرحاڵ وردە سەرنجەكانمان لێرە دەخەینە ڕوو:

- ((لەیلا لەنێو جێگەكەیدا گینگڵی دەدا، كە تەماشای كرد كاتژمێر بووە بە دەی بەیانی. بەهەمنی لەنێو جێگەكەیدا

گینگ‌ی ده‌داو بیریکه‌وته‌وه دو‌نـ شه‌و…)). ل 6
له‌م ‌سته‌یه‌دا (بـ‌گه‌یه‌دا) دوو جار وشه‌ی ((گینگ‌)) هاتووه، که یه‌ک‌یان زیاده‌یه و ‌استتر وایه ‌سته‌که وای لـ بکر‌ و بگوتر‌: (له‌یلا له‌نـو جـ‌گه‌که‌یدا به‌ه‌‌منی گینگ‌ی ده‌دا، که ته‌ماشای کرد کاتژمـ‌ر بووه به ده‌ی به‌یانی، بیری که‌وته‌وه دو‌نـ شه‌و…).

- ((هاوین به‌خ‌ی و گه‌رما به‌ه‌‌زه‌که‌یه‌وه هاتن و…)). ل 13
کورد نا‌‌ گه‌رمای به‌ه‌‌ز، به‌‌کو ده‌‌ گه‌رمای به‌تین. پـ‌ده‌چـ‌ ئه‌مه ته‌رجه‌مه‌ی حه‌رفیی عه‌ره‌بییه‌که بـ‌. ده‌شبوایه بنووس‌: ((هاوین… هات))، نه‌ك هاتن، چونکه لـ‌ره هاوین کارایه و گه‌رما ئاوه‌‌ناوه (واته سیفه‌ت‌کی هاوینه)، بـ‌یه پـ‌ویست به کاری ک‌ی ((هاتن)) ناکا، به‌‌کو ده‌بـ‌ به سیفه‌تی تاك ((هات)) کاره‌که دا‌‌ژر‌.
- ((ساحیلی شه‌مالی…)). ل 13. باشتر بوو به کوردییه‌که‌ی بنووسر‌ : که‌ناره‌کانی (که‌ناراوه‌کانی) باکوور. پـ‌ده‌چـ‌ هه‌‌ه‌ی چاپیش شیمالی کردبـ‌ته شه‌مالی؟!
- ‌استییه‌که‌ی مایکر‌سک‌په، نه‌ك ((میکر‌سک‌ب…)). ل14
- ((له ده‌رگای نووسینگه‌که‌یدا…)). ل 16
له ‌ووی ‌‌نووسه‌وه ‌استتره بنووسر‌: (له ده‌رگای نووسینگه‌که‌ی دا)؛ چونکه وشه‌ی ((دا)) لـ‌ره کاره، پاشگر نییه، تا به وشه‌ی پـ‌شه خ‌ی بلک‌ندر‌. له‌م حا‌ه‌ته‌دا وشه‌ی ((دا)) ی کار و ((دا)) ی پاشگر تـ‌که‌‌ ده‌بن. ‌استییه‌که‌شی ئه‌وه‌یه، که ده‌بـ‌ پاشگره‌که‌‌ به وشه‌ی پـ‌ش خ‌ی بلک‌ندر‌، نه‌ك کاره‌که. به‌در‌‌ژایی ئه‌م ‌‌مانه‌ش تا ک‌تایی، ئه‌م هه‌‌ه‌یه دووباره کراوه‌ته‌وه.
- وابزانم باشتره (کوردیتره) بنووسر‌: (سوها بر‌یه‌کانی و‌‌ك ه‌‌نایه‌وه و بـ‌ده‌نگ بوو)؛ نه‌ك ((سوها نـ‌وان بر‌یه‌کانی گرژکرد و بـ‌ده‌نگ بوو)). ل 16
- ((که گه‌یشتنه ما‌‌ کاتژمـ‌ر خ‌یدابوو له دووی به‌یانی)). ل 30
که‌ی له ئاخاوتنی کوردیدا ((دووی به‌یانی)) هه‌یه؟ یان دووی شه‌و (نیوه‌شه‌و)، یان – به شیمانه‌ی که‌متر – دووی به‌ره‌به‌یان هه‌یه… ئه‌مه‌ش وه‌رگ‌‌انی ‌استه‌وخ‌ی ده‌ربـ‌ینه عه‌ره‌بییه‌که؛ ئه‌وان ده‌‌ن:))الثانية صباحا)).
- ((له‌یلا سه‌ریخسته سه‌ر شانی و گوتی:)). ل35
زـ‌ر نا‌‌قـ‌‌ایه لـ‌ره به لـ‌کدراوی بنووسی ((سه‌ریخسته))، به‌‌کو ده‌بـ‌ به جودا بنووسر‌: سه‌ری خسته. لـ‌ره ده‌بـ‌ ((سه‌ر = رأس)) ی ناوی ئه‌ندام‌کی مر‌‌ق و ((سه‌ر = فوق)) ی ناوی شو‌ن لـ‌ك

جودا بکەینەوە، کە لەم ڕستەیەدا ((سەر)) ناوی ئەندامێکی مرۆڤە (کەلەسەر) دەبێ سەربەخۆ بنووسرێ و وەك وشەی ((سەر)) ی ناوی شوێن بە وشەی کاری (خستن)ـەوە نەلکێندرێ.

- ((گزنگ دەرکەوت، ئەگەرچی هێشتا تاریکی شەو هەر مابوو، گزنگ هات تا ڕۆژکی نوێ ڕابگەیەنێ…)). ل 41
لێرە ((گزنگ)) ڕکیان زیادە و دەشێ ڕستەکە وای لێ بکرێ و خێشتر و دروستترە بگوترێ: (گزنگ دەرکەوت {هات}، ئەگەرچی هێشتا تاریکی شەو هەر مابوو، تا ڕۆژکی نوێ ڕابگەیەنێ).
- ((ئێوارە عادل دانیشتە سەر خوان و …)). ل48
دەبێ بگوترێ: (ئێوارە عادل هاتە سەر خوان و…)، یانیش بگوترێ: (ئێوارە عادل لەسەر خوان دانیشت…).
- نازانم ئەم ڕستەیە (دەربڕینە) چ پێوەندی بە ڕستە و دەربڕین و ئاخاوتنی کوردی هەیە: ((گوێیان لێبوو دایکی هاتە ژوور و قسەیەکی لەووی لەیلادا کرد…))؟ ل53
پێدەچێ مەبەستی ئەوە بێ: (… قسەیەکی لەگەڵ لەیلادا کرد)، یانیش: (… قسەیەکی ڕوو بە ڕووی {یان لە بەرانبەر} لەیلا کرد)…
- ((… پەنجەی دایە ئەحمەد ئەنگوستیلەی تێبکات و…)). ل 55
ئەمە چ کوردییەکە؟ پەنجە چۆن دەدرێ؟ پەنجە دەهێندرێ، دەبردرێ، نادرێ. دەگوترێ: پەنجەی هێنا، پەنجەی برد… کورد دەڵێ: (دەستی بێ درێژ کرد، تا ئەڤەی {ئەنگوستیلەی} لە پەنجە بکات). دەشڵێ: ((ئەنگوستیلەی لە دەست کرد… ئەڤەی لە دەست {پەنجە} کرد…)).

لێرە ڕادەوەستم و لەگەڵ ڕێزم بێ نووسەر و وەرگێڕ و بەهیوای بەردەوام بوونیان لە کار و بەرهەمی بە پێزترو باشتر.

بەختیار محەمەد.

2020 / 3 / 23

من کێلەم … بەختیار محەمەد

من بووکی ئازادیم،
بەڵام سوێتان وازم لێ ناهێنێ
هەموو شەوێ
منی لە کێشکەکەی خێی دەوێ.
من فریشتەی ئازادیم،
بەڵام شمشێر هەردەم ڕاوم دەنێ
دەیەوێ بمکاتە کەنیزەك
لە ڕەشماڵی دوورە بیابانێ.
من خاکی ئیمانم،
بەڵام هەردەم ئەنفال
وەك گەردەلوولی بیابان وازم لێ ناهێنێ.
من لەشکری قارەمانی خەلیفەم،
بەڵام هەمیشە لەسەر خاکی دزراوی خێم
وەك گوڵەگەنم
لە سێدارە دەدرێم.
کەس هێندەی من حەزی
لە ئازادی و لە بەهەشت نییە،
بەڵام کەس هێندەی منیش
کێلە و گوناحبار نییە.
من نەفرەتلێکراوێکم لەم جیهانەدا،
نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا
جێم نییە.
من لە مێژوودا
بە پەتی ئیمان خێم خنکاند.
بەم دەستە پاکانەم
کە پێ بوون لە نوقێی دوعا
خێم خنکاند،
تا ئەوانی دیکە بمنێژن و
منیش ببمە لاشەیەکی بێگەنی
ناو خاکە دزراوەکەم.
ئێستا من: نە خاکم هەیە،
نە ئاو، نە وێات،
نە ئازادی، نە ئاڵا و نە سنوور…
ئێستا من تەنها یەك شتم هەیە:

چۆن بتوانم ببمە باشترین پەناھەندە
لە ئەوروپا و لەو ڕۆژاوا

بەختیار محەمەد

سەرکیترین تێزی فەلسەفی ئاگامبەن لەگەڵ پۆتای کارنا یەکیگرتوو-5- … ئازاد حەمە

بەشی پێنجەم

پێشکێکی پێویست: فەلسەفاندنی پۆتای کارنا لەسەر دەستی جیرجیە ئاگامبەن Agamben پاێنەرکی سەرکی بوو بۆ هێنانەپێشەوەی گفتوگۆ لەناو ڕوناکبیرانی ئەوروپا لەسەر پۆتای ناوبراو. ئەم بەشە، پێدەچێت دوو بەشی دواتریش، کە تەواوکەری هەمان ئەو باسەیە سەبارەت بە "فەلسەفە و کارنا" دەستماندوەتە، تەرخاندکەین بۆ شیکارکردنی چۆنیەتی یەکگرتنەوەی سەرکیترین تێزی فەلسەفیی ئاگامبەن لەگەڵ پۆتای کارنا. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا تەلاری فەلسەفی ئەم بیریارە نمایش دەکەین و دواتر ئەوە پیشاندەدین لەسەر چ بناغە و بیانوویەکی فەلسەفی ئەم یەکگرتنەوەیە هاتووەتەسازان. هاوکات بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەکە ڕاڤەبکەین پێویستمان بەوەش دەبێت بچوونە سەرکیەکانی ئاگامبەن لەو نووسینانەوە هێبهێنجنین لەماوەی دوو مانگی ڕابردوو سەبارەت بە پۆتای کارنا بەاویکردونەتەوە. لە سەرەکی تریشەوە، لە ماوەی بەاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی کۆڤید-19 لە وڵاتان، لەڕە و لەوە، وشەگەلکمان بەرگوکەوت: قەدەغەی هاتووچۆ، خراپی دۆخ، لەژێرچاودێریبوون، بارودۆخی نەخوازراو، هۆش (دۆخ، بار) ئاسایبوونەوە، دۆخی ئاوارتەی وڵات، باری نائاسایی، ئاسایشی نیشتمانی و…کە هەر هەموو شایانی تەئامانن هاوکاتیش تێزە فەلسەفییە سەرکیەکانی ئەم بیرمەندە ئیتالییەیان بیرخستینەوە. لەتەك ئەوەشدا هەوەدەدین پێیبەوە بڕین لە چ ئاستێك دونیابینینی ئاگامبەن لەسەر پۆتای کارنا وەك خۆی نەپێکا، چونکە ئاگامبەن لە

یەکەم پەرچەکرداری بەرامبەر مامەڵەی دەسەڵاتی ئیتالی لەگەڵ پەتاکە حاڵەتەکەی بە ترسناك نەبینی و بڕیکی زۆر کەم نەبێت کە بە "دووچاری هەڵاوسانی سیمبۆلیکانی" لە قەڵەمدان و وتیشی" گۆڕ ئەمە دەزگە بێت بچی دەسەڵات ئەو هەڵەیە دروستدەکات" و بەمەش ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستەکرا و ئەمەش بڕیکی لەو ڕەخنانە بەسەر دەکەینەوە.

ئاکاری ڕەوشی ئاوارتە لە پێش کۆرەنا

فەیلەسوفەکان لەناگەڵن رووداوەکان، بە ئەوەی قسەی لەسەربکەن، تێپەڕن. هەر لەسەرەتای تەنگژە تەندروستی و پزیشکییەکەوە، کە تەنگژەی سیاسی- ئابووری تادگاتە پەروەردەی و کولتووری- کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا،ئاگامبەن لەپێشی پێشەوەی هەموو ئەوانەبوو(ژیژێك Žižek ی لەدەرچێت)وتنی فەلسەفی لەو بارەیەوە بڕاوکردەوە و خودی وتنەکانیشی فەلسەفە سیاسییەکەی و سەرەکیترین تەزی فەلسەفیشی، ڕەوشی ئاوارتە(باری ئاوارتە، دەخی ریزپێ State of exception)، جارێکیتر خستەوە بەرباس. ئەو دەمەی ڕەوشی ئاوارتە، لە ئیتالیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا تا دەگاتە بڕێك لە ئەمریکا، ڕاگەیەندرا بەجۆرێك لەجۆرەکان سەلماندنێك بوو بە تەزە سەرەکییەکەی ئاگامبەن، کە لە پەرتووکی""ڕەوشی ئاوارتە""خستوبیەووو. بەگومان ئاگامبەن هەشت ساڵەکیش پێش ئەم کارە فەلسەفییەی لە کارەکی تری(دەسەڵاتی سەروەر و ژیانی ڕووت Sovereign Power and Bare Life) وردەکارییە فەلسەفییە سیاسیەکانی خۆی لەو بارەیەوە بە زەقی نیشاندابوو. بە ئەوانەش بە فەلسەفەی سیاسی ئاگامبەن ئاشنان لەو حاڵەتەی نێوان ئاگامبەن لەسەر سەروەریی(فەرمانڕەوای ،حاکمیەت Sovereignty) و ڕەوشی ئاوارتە بە تونڵی وتنە هزرییە سیاسییەکانی کارل شمیت Schmitt و والتەر بنیامین Benjamin بە پلەی یەك و بەچوونە سیاسییەکانی هانا ئەرێنت Arendt بە پلەی دوو تێدەپەڕێت، ئەوەش بناغەی لە گۆڵەك لاوە بە هزری سیاسی ئاگامبەن دانا.
بە ئەو مەبەستە لەو تێگەیشتنە ئاگامبەنیانەوە دەستپێدەکەین،کە هزری ئاگامبەن لەناو ئەم باسە لەخۆی دەگرێت، کە توێژینەوە لەسەر ئۆشویتز Auschwitz(ئەردوگای کوشتارگەی جوولەکەکان)، کامپی گوانتانامۆ Guantanamo (بەندیخانەیەکی ئەمریکییە)، دەچێتە خانەی وتن لەسەر بیوپۆلیتیك Biopolitics (سیاسەتی بایۆلۆجی، سیاسەتی ژیانی). بەپێی ئاگامبەن مرۆڤی سەردەم و گرفتە بوونناوییەکانی ئەم مرۆڤە شایانی شیکارییەن هەر بۆیە لە فەلسەفەکەیدا ژیان، ژیانێکی

خراپ و هەل و مەرجی مانەوە، یان"بوون لەژێر سایەی سیاسەتێکی ئێتیکی رەژئاوایی"هەموو ئەمانە هەوەستەی گرنگییان لەبارەوە مەرجەبکرێت. گومانی ئاگامبەن لەرە لە"مەدەلی هزری سیاسی نوێی رەژئاوایی"کە هەمیشە توانای بەکاربردنی بیوپالیتیکی هەیە و لەناو ئەوشدا دروستکردنی قووربانی تاکە بەرهەمی ئەم بەکاربردنەیە. پرسیارە بناغەییەکە لەرە ئەوەیە: کە ئێستا، لەگەڵ بەاوبوونەوەی پاندەمی کۆرۆنا، جوولەکەیە و کێش نازیەیە؟ ئەو کەسە جولەکەکەیە کە کۆرۆنتینکراوە و ئازادی لەزەوتکراوە یان ئەوەی قوربانی پێتای کۆرۆنایە؟ شەوەی ناشتنی مردووانی کۆرۆنا هاوشێوەی شەوەی مردووانی(جوولەکەکانی) ئێشویتز نیە؟ چونکە ئێشویتز خەی وەك شوێنی لەدەستدانی کەرامەت نیشاندەدات، شوێنەك بەد Evil ی تیا بەرهەمدەهێنرێت، بەدی لەوە دەبێت بە شمەك هەرچی کۆرۆنایە کەم بێشداری لە بەرهەمهێنانی بەدی نەکرد!ئاگامبەن لە رەگەی تەزەکانی هەناسەرێنتەوە فەلسەفە بەسەر ئەم شوێنەوە دەکات و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پرسیاری ئێتیکی و سیاسی لەسەر شوێنی ناوبراو دەکات بە بناغە بە قسەکردن لەسەر پەراوێز و بندەست و بەمافەکانی ناو شارستانی تازەی رەژئاوا. ئەو جیاوازییەش ئاگامبەن لەنێوان ژیان و مەرگ لەو شوێنە دەیکات لە تێگەیشتنی بیوپالیتیکانەی میشێل فوکۆ Foucault وە سەرچاوەی گرتووە کە لە رووی تیۆریەوە بە بابەتی تێگەیشتنی فوکۆ بە پانئۆپتیکەن (چاودێریهەموو Panopticon) گرێدراوە. باشە ئەم تیۆریەی ئاگامبەن وامانلێدەکات لەماڵەوەبوون لە کاتی کۆرۆنتین بە ئەردوگا زۆرە ملەکانی جوولەکەکان بچوونین؟ خەمان بە پەناهەندەی ناو ماڵی خەمان بزانین؟ ببینە تالیبانێکی گوانتانامەی ناو شوقەکانی خەمان؟ ژوورەکەمان وەك ژووری زیندانیەکی سەر سنورەکانی تورکیا/یۆنان ببینین؟ باشە بە ئەمە پرسیارەکانمان بەم شێوەیە ئاراستەی ئاگامبەن دەکەین؟هەکارەکەی لای خوارەوە رووندەکەینەوە. بە ئەوەی هەکارەکەی رووبکەینەوە پێویستمان بوو دەبێت لە بنەما تیۆریەکانی ئاگامبەن سەبارەت بە تەوشی ئاوارتە(باری ریزپە) و بابەتی سەروەریی وەات و ئەو مرۆڤە پیرەز Homo sacer ش تێبگەین کەکەی تیۆری تەزی ئاگامبەن، لەبارەی بیوپالیتیکەوە، پێکدێنن. لە رەگەی بینینی ئاگامبەنەوە بە تەوری تەوشی ئاوارتە لەوە حالەیدەبین تەوشی ئاوارتە تەرپەکیشە لەسەر تەوشی مرۆڤی سەردەم و مافەکانی. مافی ئەو خەڵکی جیهانی سێیانەی لە ئەردوگای پەناهەندەکان لە ئەوروپا بەبە وەنام ماونەتەوە و پێیاندوترێت بە کاغەزەکان sans-papiers، کە هیچ مافێکی یاسای، تەندروستییان نییە تا دەکاتە بە مافە بەندکراوەکانی Guantánamo، کە لە شەی

ئەمریکی/تالیبان دوای 11 سێپتەمبەر کەوتنەدەست ئەمریکایکانەوە. واتە هۆشی ئاوارتە(State of Exception) دەکارەت هۆشکی نوێ لۆگۆ خێدا بهێنەت و "خەی وەك پارادایمکی، چوارچێوەیکی گشتگیری، زاڵ لە سیاسەتی هاوچەرخدا نیشانبدات". لە رێگای گوزارەی هۆشی ئاوارتەوە ئاگامبەن گفتوگۆی واتای سەروەریی دەکات کە ئەمش دێباتەوە سەر گفتوگۆی بەچوونە سیاسییەکانی شمیت Schmittلەسەر واتای ناوبراو. شمیت، کە لەم روەوە سەرچاوەی تەئری ئاگامبەنە، وای بۆدەچوو"ئەوە سەروەریێ لە وەاتدا هۆشی ئاوارتە دەستنیشاندەکات" و لە کاتی جێبەجێکردنیشی کار بە دستور ناکرەت. بە ئەوەی ئەو هۆشەش وەگۆبخرەت پێویستدەکات یاسا کاری پێنەکرەت. بەپێی تەئری سیاسی شمیت "بەئەوەی سەروەریی سەرپشکبەت پێویستە هۆشی ئاوارتە پیادەبکرەت". ئامانجی سەرەکی لە بوونی هۆشی ئاوارتە، بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی ئاگامبەن، بەئەوێ دەسەات بتوانێت بمێنێتەوە. ئەو دەمەش ئەو هۆشە پیادەدەکرەت"ئەوەی پێیدەڵێن مافی مرۆڤ فەرامشدەکرەت، ئەمەش بەزەری لەبەرئەوەی پاراستنی سەروەریی بە ئەو هەزە سیاسییەی لە پشت داشتنی ئەو هۆشوێیە سەروەریی سەروەر گشت شتەکە". شمیت وتەنی، کە بەچوونی ئاگامبەنیش، رەوشی ئاوارتە، کە هەل و مەرجەك دروستیدەکات، ئەو هەلومەرجە رێگا بە بە یاسایی یاسا خەشدەکات. کەوابەت تالیبانەکانی گوانتەنامە نە تاوانبارن و نەش بەتاوان، تەنیا دەستبەسەرکی بەمافن و هیچیتر. ئالەرە شیاویی لە ئارادایە بە "جیاکردنەوەی زەبری پوخت لە دەسەاتکی بەدەستورکراو". ئەوەی بە ئاگامبەن لە تەئری هۆشی ئاوارتەی شمیت دا شایانی هەرسکردن نییە ئەوێە شمیت هۆشی ئاوارتە لە کەنتەکست contextی یاسایدا جێدەکاتەوە."هۆشی ئاوارتە بە شمیەت شتەکە لە دەرەوەی کاوس(شەواویی Chaos)و لە کەنتەکستی یاسایی و سەربازیدا دەمێنێتەوە". "تێگەیشتنی شمیت بە هۆشی ئاوارتە هەوەکە بە جیاکردنەوەی نەرم (رەسا norm) لە بەیار". شمیت وایلەکدەداتەوە هۆپساردنی یاسا مەرجی مانەوەی سەروەریی سیاسییە.ئەم هۆپساردنی یاسایەش بە پاراستنی سەروەریێ نەك شتەکی تر.هەموو ئەوەش کە لەم روەوە دەکرەت بە ئەوێە سەروەری(رابەری) سیاسی وەات بمێنێتەوە.

هەرچی والتەر بنیامین Benjamin، کە ئاگامبەن لەمەوەو دیتنەکانی بەهێندوەردەگرەت، لەو باوەڕدایە"هۆشی ئاوارتە هۆشکی بە یاسایە". ئەم هۆشە بنیامین وتەنی "بە خستنەگۆی زەبرکی پوختی شۆشگۆڕانە بکاردەبرەت. ئەمش هۆشکی تازە لۆگۆ خەی دەهێنەت کە بە یاسای دەخاتەوە". هۆشی ئاوارتە لە زەینی سیاسی ئاگامبەن

ئەوەش دەگەیەنێت" ئەوەی لە دەرەوە و ناوەوەی یاسایە تەنیا دەستاتە و هێوشی ئاوارتە دەکارێت باری یاساییژی بگۆڕێت و پشلیش دروست بکات. هاوکات هێوشی ئاوارتە نە لە ناوەوە و نەش لە دەرەوەی سیستەمی مافە". هاوکات ئاگامبەن پێی بە ئەو راستیەش دەبات کە"دەستات لە کاتی قەیرانا یاسا و هێزی خێی بەکاردەبات و لەم بارودۆخەشدا زۆر ئاسایی مافی هاوڵاتێتی و تاك ژێرپێبخرێن. ئەمەش لەبەرئەوەی هێوشی ئاوارتە ئەو هێوشیە کە زۆنی بە یاسای لەناو یاسا شوێن بە خێی دابیندەکات".واتە، هێوشی ئاوارتە دژی دەوڵەتی یاسایە. ئاگامبەن ئاوەشمان پێدادەگەیەنێت"ناواخنی بیسیاسی Biopolitics هێوشی ئاوارتە ئەو کاتە دەردەکەوێت ماف لەگەڵ شتی ژیانیدا لێکدادانداوە بێت". ئەمەی باسکرا هێوشك دەنێتەپشەوە ستاتس(قەوارەی) ی یاسای تاك هێدەوشێنێتەوە و بارکی یاسایی تر بەرهەمدەهێنێت ناچێنایەتی دروستکەرە.واتە،"هێوشی ئاوارتە یاسایکی تایبەت نییە وەك یاساکانی جەنگ، بەڵکو لەگەڵ هێوشی ئاوارتە بار(هێوش) هەك دێتەپێش مافکان بەرتەسك و سنوردار دەبن". ئاگامبەن بۆئەوەی وێنەیکی پانەرامایمان لەسەر هێوشی ئاوارتە بەرچاوبخات لە ئیمپراتەریەتی رەمانییەوە دەستپەدەکات تا دەگاتە سەردەمی ناپلیۆن لە فەرەنسا و دواتر دێتەسەر دەم و وەختی جەنگی جیهانی دوو و نموونەکشی هەردوو رژەمی هیتلەر و مسۆلینییە کە فەرمکی یاساییان بە رەوشی ئاوارتە دا. ئاگامبەن پشیوایە"کەماری وایمارWeimar Republic بەدرێژای 12 ساڵ لەهووی یاساییەوە هێوشی ئاوارتەی پیادەکردوە". ئەوەی تایبەت بەم لایەنە زەدە گرنگە سەرنجی بخرێتەسەر ئەوەیە لەهووی تەریبەوە"ئاگامبەن جیاوازی لەنێوان هێوشی ئاوارتە و دیکتاتەریی دا دەکات" و پاشتر دێتە سەر بارودۆخی دوای رووداوەکانی 11 ی 9 لە ئەمەریکا و وڵاتانی هاوچەرخی رۆژئاوایی و هەما بە ئەوە دەکات کە چۆن مافکانی تاك لەژێرسایەی ئەو هێوشی ئاوارتەیەی ئەو رووداوانە دروستیانکرد بەئاگایەوە فەرامشکران. بەپێی جیهانبینی فەلسەفی ئاگامبەن"بە ئەوەی هێوشی ئاوارتە شیبکرێتەوە مەرجە واتای پێویست necessity شیبکرێتەوە". ئاگامبەن بە ئەو مەبەستە مژووی کۆن و نوێی رۆژئاوا هێدەداتەوە تادەگاتە رووداوەکانی 11 ی 9 لە ئەمەریکا. بەئەوەی شتەکان ووردتر نیشانبدات بە ئەو مەبەستەش گشتەك بەناو ئیمپراتەریەتی رەمانی کەندا دەکات و ئەو حاڵەتە نیشاندەدات کە یاسا لەگەڵ پێویستیدا کاریکردووە. مەبەستی ئاگامبەن لەمە ئەوەیە کە هێوشەك دێتەپێشەوە شیاوی بە ئاوارتەیی یاسا مسۆگەردەکات. ئاگامبەن تێبینی ئاوەشی کردوە سیاسییەکان لە سەردەمی نوێدا گەر پێویستی بە ئەو مەبەستە لەئارادابووبێت یاساشیان هێوشاندەوە

و، پشیوایی ئەم بووە بە متمانەکی سەرەکی بۆ دەستپاتی سیاسی و بەکاریشی بردووە تا لە بەرەوپێبردن بردنەوامبێت. ئەمەش لەگەڵ یەکگرتنەوەی تیزی سەرەکی فەلسەفیی ئاگامبەنە لەگەڵ پەتای کۆرۆنا کە دواتر، لە بەشەکانی تر، زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەری دەوەستین.

وەک ئاماژەی وترا، گرنگترین خاڵەکی سەبارەت بەوەی لایەنگرانی هەمای بەکرا، بەپێی ئاگامبەن، ئاوێتەی کاتەکی سیستەمی سیاسیی دەمەکراسییەکان بەیانی هێرشی ئاوارتە دەکەن لە دوای ئاوەوە ئیدی جیاوازی لەنێوان سیستەمی دیکتاتۆری و دەمەکراسی دا نامێنێت و، پێداگیری لەسەر ئاوەش دەکات شێوازی بەرەوپێبردن لە وڵاتانی هاوچەرخ ووردووردە خەی لە ئیدارەسازی نزیکدەکاتەوە تا ماف و یاسا. ئەو کاتەش سیستەمی سیاسیی دەمەکراسییەکان"هێرشی ئاوارتە رادەگەیەنن(لەڕە دەشێت مەبەستەکە حکومەتی سەربازیی یان پیادەکردنی ئەحکامی عورفیش بێت) جیاوازیەکی ئاوتە لەنێوان سیستەمی سیاسی دەمەکراسی و دیکتاتۆری دا نامێنێت. باشە خە گرنگە بزانین کە بیار لەسەر دەخی ئاوارتە دەدات؟کە ئەو مافی هەیە؟ چۆن بارودەخی نەخوازراو سەرهەڵدەدات؟
بە شیکارکردنی ئەو پرسیارانە ئاماژە بەوە دەکەین کە ئاگامبەن سەبارەت بە هێرشی ئاوارتە، بەپێچەوانەی شمیتەوە، خاوەنی تێڕوانینەکی فەلسەفی-سیاسی خۆیەتی و بابەتی هێرشی ئاوارتەش دەکات بە مەحەکی دادوەری بەسەر چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات و خاڵی جیاکارەش لەنێوان دوو مۆدێلی دەسەڵات: دەمەکراسی و تۆتالیتاری. بۆ ئەوەی ئەم هزرڤانە تێڕوانینەکی تایبەت بە هێرشی ئاوارتە دابهێنێت بەگومان پێویستی بەوە دەبێت بە تونێلی گفتوگۆ تێڕوانینە سیاسییەکانی پێش خۆیدا تێپەڕێت هەروەک لایەنگرانی هەمای بەکرا، لە لەو بینەدا دەستبەرداری بۆچوونە سیاسیی-فەلسەفییەکانی خەی نابێت. بە ئاگامبەن گرنگە ئەمە لەوە تێبگەین لەو شوێنەی هێرشی ئاوارتە پیادەکرێت ماف ژێردەکەوێت و ئەو سەربەخۆیەش دوو دەسەڵاتە سەرکیەکەی(تەشریعی و جێبەجێکردن) کەمبەگەی دەمەکراسی کاری لەسەر دەکات ئاوادەبێت. لەڕەدا بینینی هێرشی ئاوارتە وەک ئامرازێکی دەسەڵات هزرێکی یاسایی لە پشتەوێە، ئەو هەزرەش یاساناسان و مافناسان بناغەی بە دادنەن، هەروەک ئەوەی شمیت پێشتر بە رژێمی نازی کردووە. بەم جۆرە، بە یاسای جەوهەری هێرشی ئاوارتە دەسازێنێت. بۆیە لە دیدی تێڕوانیەوە هزری سیاسی بنجامین لەتەک شمیت، کە کاربەدەستی سیاسی و یاسازانی دەسەڵاتی نازی بووە، یەکناگرنەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە شمیت وایتەدەگات کاتەک هێرشی ئاوارتە دەتئاراوە دەسەڵاتی سەروەری لە وڵاتدا بەدەست

تاکە کەسەکەوە دەبێت و هەر ئەو کەسەش بێ هەیە دەخی وڵات دیاریبکات، یاساش، بەدنیاییەوە، پارێزراوە لەگای بە یاسایەوە. بەمافی تاکەکان سەرچاوەی کێشکانە لای ئاگامبەن و ڕەوشی ئاوارتەش ئەو بە مافییە بەرجەستدەکات. بە مافەکان خاوەنی ژیانێکی ڕووتن bare life/ la nuda vita. بەواتایەکیتر ڕەوشی ئاوارتە ڕەوشی هەڕەشانەوەی ماف دەنتەپشەوە. کەرنا کە وایکرد بخزێنە ناو ماڵ و ژوورەکانمانەوە ئاماژە بوو لەسەر سەرلەنوێ سازاندنەوەی بە مافی لە ڕژئاوا. ئەمە یەکەم جاری نییە لەناو سیستەمی سیاسی ڕژئاوا بەمافی بە یاسایی دەکرێت. ئەم زیانە یەک لایەنی نییە. ئاگامبەن لەرەگای تیەری ڕەوشی ئاوارتەشەوە"ڕەخنەی کولتووری سیاسی ڕژئاوا دەکات و ئەوەشمان بیردەهێنێتەوە کە ڕژئاوا سەرنجی ئەو نادات پەوانەکانی لەدەستداوە و ئەمەش، بەپێی تێگەیشتنی ئاگامبەن، وادەکات ڕژئاوا نەکارێت وانەی دەمەکراسی بە کولتوورەکانی تر بڵێتەوە". ئەمە کە خەمەکی فەلسەفی جوانی ئاگامبەنە لە دووتەی ئەو نووسینانەش هەوێنیدانەوە بە پێتای کەرناوە تایبەتیکردوون.

هەمساکەر : بەسیاسیکردنی ژیان، بەسیاسیکردنی مەرگ

هەمساکەر(مرۆڤی پیرەز Homo sacer) بەشێکی تر لە تێزی بیەپلیتیك لە فەلسەفەی سیاسی ئاگامبەن پێکدەنێت. هەمساکەر بەپێی یاسای ڕەمانی کەن ئامادەبوونێکی کەمایەتی هەبووە. ئەو مرۆڤەیە تاوانێك دەکات و دەبێت بە هەمساکەر. ئەوەی ئەم مرۆڤە بکوژێت سزانادرێت و کارەکەشی بەتاوان لەقەمنادرێت. هەمساکەر مرۆڤێکی بەمافە و یاساشی لەپشت نییە و هەر وەك بەمافیش لە کەمگە ژیان بەسەر دەبات. ئەم کەسە خوێنی حەڵاڵە و لەسەر کوشتنی کەس سزا نادرێت. لەبەرئەوەی بەوونی دەکوێتە دەرەوەی یاسا هیچ بەرپرسیارێکی ڕەوشتی و یاسای ناکوێتە ئەستەی بکوژەکەیەوە. ئاگامبەن لەئەستادا ئەم واتایە بە هەرشکردنە سەر سیاسەتی هاوچەرخی ڕژئاوایی بەکاردەبات. بەم شێوەیە هەمساکەر لە کەمەکەکانی ئەمە دەکرێت کوردێك بێت لەکاتی ئەنفالەکان بە بەعسیەك، موسەمانێك بێت لەدەمووختی ڕووداوەکانی 11/9 بە ئەمریکاییەك، ڕەشپەستێکی ئەفریقای ،پێش ماندەلا، بێت بە سپیپەستەك، ئەزدیەك بێت بە داعشەك، جوولەکەیەك بێت بە نازیەك یان فەلەستینییەك بە ئیسرائیلییەك، کەمنیستەك بە فاشیستەك. ژیانی ئەم کەسە دەچێتە خانەی"ژیانێکی ناچنایەتییەوە، ئەم ژیانە ناچنایەتییە ئاگامبەن بە" zoe" ناویدەبات و ئەوش کە ژیانێکی

چەنایەتی دژیت بە" bios " ناودەبات. ئاگامبەن "لەسەر بناغەی دابەشکردنی ژیان بەسەر ژیانی چەنایەتی و ژیانی ناچەنایەتی(ژیانی رووت ، ژیانی سروشتی) دا ئەوەش راڤەدەکات کە ژیان هەمیشە بووە بە بابەت"، ئەوبژەکت Object، بووە بەو شتەی پێیدەبەن سیاسیی political. ئەو شەوە دابەشکردنەی لایسەرەوە ئاماژەی پێکرا، کە لە یەنانی کەندا سەبارەت بە ژیان هەبووە، لەئێستادا بوجرە نییە. ئاگامبەن وتەنی، ئێستا "ژیانی مرۆڤ بەسیاسیکراوە ئەمەش وایکردوە جێستە بەسیاسیبکرێت" بەیە ناشێت جیاوازی لەنێوان ژیانێکی رووت و ژیانێکی چەنایەتیدا بکرێت. ژیانی چەنایەتی بوونی نییە خودی جێستەش بەشێکە لەو شتەی دەسەبات قەرخیکردوە. لەرە، لەناو ئەم تێگەیشتنەدا، دەکرێت باس لە سەروەریی سیاسیش بکرێت، چونکە سەروەریی سیاسی هەوێکە بە قەرخکردنی ژیان، بە دەستگرتن بەسەر ژیانی خود دا. بەیە ئاگامبەن لەسەر ریتمی فەلسەفی فوکۆ لە نووسینی "مێژووی سێکسگەرایی" قسە لە بیەپولیتیك دەکات، لەوەی کە چەن سیاسەت کەوتەتە ناو ژیانی سروشتی مرۆڤەوە، مەرگ بەسیاسیکراوە(بەسیاسیکردنی مەرگ The Politicization of death)، جێستە پیرزکراوە و لەرگای ئەوشەوە ژیان بەسیاسیکراوە(بەسیاسییکردنی ژیان The politicization of life). ئاگامبەن لەو شوێنەی دیدی بیەپولیتیکی فوکۆ بەکاردەبات، "ژیانی سروشتی مرۆڤ و مەودای مەدەنی گشتی (the polis) بەرباسدەخات و دەیکات بە بناغە بە سیاسەت". ئاگامبەن "پێشیوایە ئەرەنت بە بیست سالێك پێش نووسینی "مێژووی سێکسگەرایی" فوکۆ قسەی لە بیەپالیتیك کردووە کەچی فوکۆ لەو پەرتووکەیدا ناگاەتەوە سەر ئەرەنت".

هەمساکەر لە زەینی ئاگامبەن بابەتی سەروەریش دگرێتەوە.ئەم سەروەرە دەکرێت پادشایێك یان قەیسەرێك یاخود سەرکێك بێت کە یاسای بەدەستەویە. ناوبراو جاریوایە لە ناوەوەی یاسایە و جاریواشە لە دەرەوە. لەرەدا قسەی ئاگامبەن لەو دەساتایە سەروەریی بەدەستەویە و بەو جەرە بکاری دەبات کە پەویستیەتی.بەپێی شیکردنەوەکانی ئاگامبەن"سەروەر ئەو کەسەیە بیاردەدات کە ببێت بە هەمساکەر" و کەش لەناوەوە یان دەرەوەی کەمگە بژیت. هەر ئەم کەسە، سەروەری سیاسی،بیاری ئەوەشی بەدەستە"کە ژیانێکی چەنایەتی بژیت"، چ مافێك بە ژیان بدرێت و خود لەناو ژیانا چەن بژیت.واتە، ئەوەی چارنووسی هەمساکەر دەستنیشاندەکات کەسی سەروەر، سەروەر یان سیاسییە یان دادوەری شارە یاخودیش سەرکی وڵات. ئاگامبەن کە لەسەر رەوتی ئەریستۆ "جیاوازی لەنێوان ژیان و ژیانی باش، ژیانی بچەنایەتیکراوی سیاسی bios و ژیانی رووت(سروشتی) zoe دا دەکات" بە ئەوە دەچێت "یاسا

توانیویەتی دەستەات والەبکات دەستنیشانی ژیان بکات".واتە ئەوەی ژیان دیاریدەکات سیاسەتە، بەهەی ئەم دابەشکردنە ئەریستەیشەوە قسە لە پەیوەندی نەوان ژیان و سیاسەت دەکات و ژیانیش لە شار، لە رەژئاوایەکان ژەرپرسیاردەخات. بەسیاسیبونی ژیان کە هەنووکە دەگرێتەوە هەنووکە بەسیاسیکراوە، هەنووکە جیاوازی لەنەوان هاوەڵ و دوژمندا نابینێتەوە، هەنووکە دروستکەری هەماساکەرە، کە دەکرێت بەبە لەپرسینەوە بکوژرێت یان بکرێتە قوربانی، لەهەر شوێنەک بێت. لە هەنووکەدا هەماساکەر دەشێت تووشبووەکی کەرەنا بێت کە لاشەکەی وندەکرێت، کە مەرگی بەسیاسیکراوە، لەناو ژیانەک کە ئەویش بەسیاسیکراوە.

سەرنج: لەم بەشە زەر بە کورتی تەلاری هەزری ەوشی ئاوارتەمان باسکرد کە گرنگی بە تێگەیشتن لە تەریزکردنەکانی ئاگامبەن سەبارەت بە پەتای کەرەنا هەیە و لە بەشی داهاتووش دەینەسەر گفتوگۆی ناوەرەکی نووسینە فەلسەفییەکانی ئاگامبەن تایبەت بە کەرەناڤایرەس و شەوازی یەکگرتنەوەی چوارچێوەی هزری بیەپولیتیك و پەتای کەرەناڤایرەس و ئەو بارە نائاساییەش پەتای ناوبراو سازاندی. کار بۆئەوەش دەکەین بەکورتی ئەوە بخەینەروو کە ەوشی نائاسای- دەخی ناچاری- State of emergency لە ەوشی ئاوارتەState of exception ئەویش لە ناچاری نەتەویی National Emergency جیاوازە.

ئازاد حەمە

ماویەتی.....

[بە خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن .....]

لە یادی 105 ەمین ساەی تاوانی کەمەکوژی ئەرمەنیەکاندا …عەلی

مەحمود محەمەد

دان نان بە حەقیقەتی یاسایی هەر تاوانێك لە هەر کونجێکی جیهان بگوزەرێت, ئەرکەکی ئەخلاقی و ویژدانییە, ئەگەر هەل نەمابێت بە راگرتنی, هەنگاوەکە بە بەرەو روبوونەوەی تاوانە مەزنەکان لە جیهاندا, نموونە ئەرەگوای وەك یەکەم وڵات لە ساڵی 1965ەوە دانی ناوە بە کەمەکوژی ئەرمەنیەکان کە هیچ پەیوەندیەکی بە دەسیەکەوە نییە, یان کۆریای باشورو سوئید و کەنەداو هەندەراو … کە هەوڵستی باشیان لەسەر دەسیەکانی ئەنفال و هەڵەبجە هەبووە, یان هەندەرا بازرگانەکی چەکی کیمیاوی خەی بەناوی فرانس ڤان ئانرات لە بەرامبەر هاوبەشیکردنی لە تاوانی هەڵەبجە سزای 16,5 ساڵ زیندانی دەدات, بەوەی چەکی کیمیاوی فرۆشتبوو بە رژەمی پێشووی عەراقی, ئەم هەنگاوە وەك ئەرکەکی دادپەروەرانەیە , تاوانی کەمەکوژی ئەرمەنیەکانیش هیچ نەبێت ئەوەندە بە کوردەوە دەبەستێتەوە کە لەسەر خاکی ئێستای کوردستان ئەنجام دراوە, چەن قوربانیانی تاوانی کەمەکوژی رەهینجا دوای ئاوارە بوونیان بە بەنگلادیش دەسیەکیان جوەنرا لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە, چونکە ئاوارەی وڵاتەکی ئەندامی دادگاکە بوون, بەیە ئەرکی ئەخلاقی گەلی کوردە وەك گەلەکی جینەسایدکراو دان بەو تاوانەدا بنێت وەك تاوانی جینەساید, چەن ئەمە خەمان سوالی ئەم داوایە لە جیهاندا دەکەین.

رەگات بکەوێتە مەنمەنتی جینەسایدی ئەرمەنەکان لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا, تژیەیە لە وێنەی ئەفسەرو سەربازێك عەشیرەتە کوردەکان بەشێوەی دەندە و وەك جەلادی دەڕەق وێنا کراون, وەك بەشداربوویەکی چالاك لە جینەسایدکردنیان, ئەم وێنانە بونەتە بەشێك لە زاکیرەی ئەو گەلەو رژانە پیشان دەدرێت و لە گەیدا تەبلیغ دەکرێت, وێنەی دەربەگ و سەربازێك خەڵە و شێخە کوردەکان کە هیچ پەیوەندیەکان بە خەڵکە عامیەکەوە نییە و هەمیشە کامینەی چەوسێنەرن بەرامبەر بە زەرینەی خودی نەتەوەکەی خەشیان, بەڵام دەسەڵاتدار و قسە رەیشتوون, ئەم زاکیرە رشە بە سانایی ناسدرێتەوە, بە دیدار و مجامەلەی کاتی دوژمنی دوژمنەکەم دەستمە کۆتایی نایات, لەبەردەم هەوەستدا ئامان دەگرێت, لە بەرامبەردا نابێت تا کۆتایی سەرمان لە ژێر لمدا بشارینەوە لە ترسی هەوەست دەربەین و خە شاردنەوە لە حەقیقەت, نابێت باجی دەندەیی و تاڵان و بڕی ئەو ئاغاو دەربەگ و سەرەك خێڵانە عامیەی خەڵك بیدات, پەویستە هەنگاو بنێین بە سینەوەی شوێنەوارەکان رابردوو, ئەویش داننانە بە راستیەکان وەك ئەوەی لە حەقیقەتدا هەیە نەك وەك ئەوەی

دەماندووت و پینەو پەڕەی بکەین, یاخود ناسیۆنالستە تووندڕەوەکانی ئەوان دەیانووت بیسەپێنن, یان وەك ئەوەی ناسیۆنالستەکان هەردوولا کردویانە بە مەیدانی شەڕی موقەددەسە پوچەکانیان, هەمیشە دیلی خوێنی مەزن خوازین, دەبەت ڕێگا لە دەمارگیرە ئاینی و نەتەوەییەکانی هەردوولا بگرین نەوت بە ئاگری رابردووداا بکەن.
ئەرمەنەکان لە پاڵ تورکیا سەرەك عەشیرەتە کوردەکانی باکور و سەرەك عەشیرەتە عەرەبەکانی سوریاو تورکمان چەرکەس و قەرەجەکان بە هاوبەشی تاوان دەزانن, بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان بەشداری تاوانن نەك هاوبەش, چونکە بەیار بە دەست و نەخشە داڕێژەر نەبوون, تەنها جێبەجێکار بوون, ئەدی ئەمە وەهاممان چییە لە بەرامبەر ئەم تەماتبارکردنە کە پێگەکانی ئینتەرنەت ویکیپیدیا پڕ کراوە لەم زانیارییانە ؟., وەڵام سەزداری داد نادات, یاساو مەژوو و ئامار کاری خۆی دەکات.نکۆیکردن بەخۆی دەرڕەدانە بە تاوان, ڕێگە گرتنە لە سارڕ بوونی بریندەکانی رابردوو, دەرڕەدانە بە شەڕی باوباپیران و گواستنەوەیەتی بە نەفەقەکی تاریکدا بە نەوەی نوێ, گەلی کورد بەرپرسیارەتی یاسایی هەناگرێت بەرامبەر بە تاوانی جینساسایدی ئەرمەنەکان, چونکە هاوبەش نییە لە تاوان, خاوەند دەوڵەت نەبووەو بەیار بەدەست نەبووە, سواری حەمیدیەش نە لەسەر داوای ئەو دروستکراوە, نە هەمووشی کورد بوونە, نە بەیارەکانیشی بە دەست ئەوان بووە, بەڵام دەبەت دان بەوەدا بنێین هەزاران هاووڵاتی کورد لە ریزی سوپای عوسمانیدا بوونە بەشداری تاوان بوونە, هاوشوێی جاشە کوردەکان لە باشوور کە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی زەرینەی تاوانەکانی ئەنفالن, ئەو ئاغاو دەربەگانە وەك بەشەك لە سوپای عوسمانی بەشدار بوونە لە تاوانەکە, بەشەکیان ناوی خێیان ناوە سواری حەمیدیە, لەوانشە بەهانەکانی منیش جێگای ڕزامەندی ئەرمەنەکان نەبەت, کە خوون بە خاکەکەوە دەبین دانیشتووانەکەی قەڕاون, چۆن ناسیۆنالستەکی کورد خوون بە کورد بوونی شاری کەرکووکەوە دەبینەت, بەردەوام لە گەڕانەوەی حکایەتە مەژوییەکاندایە, بەڵام ڕەقیبی بەهێزی لەمەدا بە خاوەنداری شارەکە بە پێدا بووە.

وەك ئەرکەکی ئەخلاقی کورد دەبەت دان بە حەقیقەتی یاسایی تاوانەکە بنێت, وەك چۆن ئەمە داوادەکەین کەیسەکانی جینساسایدمان بە جیهان بناسرێت, ئەوانیش مافی خێیانە داوامان لێبکەن, هەرچەندە ئەمە دەستپێشخەریمان کرد لە یادی 100 ساڵەی تاوانەکە, 49 پەرلەمانتاری کوردستان دانیان نا بە حەقیقەتی یاسایی تاوانەکە کە جینساسایدە" شانازیشە کە من هەمەتەکم ئەنجامدا", پێویستیشە ئەو کوردە

خەڕشانەی بەشدار بوونە لە تاوانەکە بناسرێن, ئاماژەیان وەک بەشداربووی تاوان پێبدرێت, لە مژووداوەک تاوانبار بناسرێن, دەبێت جگاو رەگای مرۆڤەکان لە مژووداوەک خەی نیشان بدرێت, ئیتر سەردەمی بە پیرەزکردنی پاشا کۆنەکان بە کۆتا گەیشتووە, ئێستا سەردەمی دادگایەکانی تاوانکارانی رابردووە و داوای لێبوردنکردنە لە دەندەیەکان نەوەکانی پێشوو, ئەوە رۆژە هەندەک جەنگ بە پیرەز دەزانرا, ئێستا بە پێی بنەما کانی مافی مرۆڤ تاوانی قەزاونن, تاوان پیرەزی نەماوە.

بە پێی بەچونی کوردبێت چەکدارانی کورد لە ریزی سوپای حەمیدیە رۆژیان لە نێوان 10 بە 15% بووە, وەک ئاماژەی پێ دراوە: "لەمژووداوە ئەرمەنەکان چەند جارێک کەوتونەتە بەرشاڤاوی لەناوبردن و جینەسایدکردن کەدیارترینیان لەساڵی (1915) لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە ئەنجام دراوە.کورد هەرچەندە خەشی بەرشاڤاوی لەناوبردن و جینەساید کەوتووە، بەڵام تەوگلاوە لەجینەسایدکردنی ئەرمەنەکان بەهەی بەکارهێنانیان وەکو جاش و بەکرێگرتە لەلایەن عوسمانییەکانەوە (نزیکەی لە15% سواری حەمیدیە کورد بووە).هەرچەندە کورد بەتایبەتی کەنگرەی نەتەوەیی و پەکەکە چەند جارێک داوای لێبوردنیان لەئەرمەنەکان کردووە، بەڵام ئەرمەنەکان بەتایبەتی لەئەرمینیا زۆر دەمارگیرو ڕەگەزپەرستن بەرامبەر بەکورد- لاپڕە هەڵەدراوەکان هەر جارەی لاپڕەیەک- ئەرمەنەکان و گولەنییەکان-ئامادەکردنی: مامەستا پشەو (پشەو ئیسماعیل)" ,"سواری حەمیدیە کە لە ساڵی 1891بە فەرمانی سوڵتان پەکهێنرا لە (ئێلبان و چەرکەس و کورد) نەک بەتەنیا کورد، لە باسکردنی ژمارەی سواری حەمیدیدا زۆر نووسەر کەوتونەتە هەڵەوە دەڵێن: سواری حەمیدی هەمووی کوردبوون، ئەمش بەپشتبەستن بە سەرچاوە تورکەکان بووە، بەڵام ئەم دووڕە لەڕاستییەوە، راستییەکەی ئەوەیە کە ڕەبەرت ئێڵسن باسیکردووە کە دەڵێت: ژمارەی سەربازی سواری حەمیدی بریتیبوو لە (53) هەزار، محەممەد ڕەسوڵ هاوار لەکتێبەکەیدا (کورد و باکووری کوردستان بەرگی یەکەم) ناوی نووسەرێک بەناوی (مەروان ئێلمدەوەر) دەنێت و دەڵێت: نووسەر ئاماژە بەوەدەکات کەی ژمارەی کورد لە سواری حەمیدی تەنها (10) هەزار کەس نەک هەمووی کورد بووبن، ئەمش کەسانی ماستاوچی و بەرتیلخۆری وەک(ئاغا و دەربەگی دژە کورد و ئەرمەن) ئەمانە چەند زیانیان بە ئەرمەن گەیاند زۆر لەوەزیاتر زیانیان بەخودی کوردەکان گەیاندووە،- پەیوەندی کورد و ئەرمەن- بەتاوانی کورد لە جینەسایدی ئەرمەن- نووسینی: ئارام مەجید شەمڕانی".

ئەرمەنەکان بەخەشیان هەموو سواری حەمیدیە بە کورد نازانن,

بەکێ بە زرینەی دەزانن لەناو پێکهاتەکان, دان بەوەشدا دەنێن ئەو هێزە بە بڕەو روبونەوەی روسیا پێك هاتوە نەك بە گیان ئەوان, گوایە لە کورد و چرکەس و تورك و تورکمان و قرەچ پێك هاتووە, رێژیان زیاتر لە رێژی جانجویدەکانی دارفور دەچێت"
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D8%A7%D8%B2%D8%B1_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%85%D9%8A%D8%AF%D9%8A%D8%A9
". " , هەندێك لە فەرماندەو سەرك عەشیرەتە کوردەکان لە چوارچێوەی ئەو پرسیدا تاوانی قەزەونیان ئەنجامداوە وەك بەشێك لە سوارەی حەمیدیە, بەڵام بەشێوەی سستامتیك وەك بەیاردەر کوردەکان بەشداریان نەکردووە لە تاوانەکە, چونکە دەوڵەتیان نەبووە و بەیار لای ئەوانەوە دەرنەچووە, ئەوەی کراوە وەك نەکەری و بەشداری بووە لە تاوانەکە, یاخود لە ژێر کاریگەری بیری ئاینیدا وەك بەشێك لە خەلافەت ئەنجامدراوە, کە دواتر پەلامارکان سەرجەم کریستان و ئەزیدیەکانی هەرەمەکەی گرتەتەوە, بەیە تاك لایەنە نابەت سەیری روداوەکان بکرێت.
نابەت هەوەستی ناسیەنالزمە راستگراکانی پەندا و فەرنساو …هتد دوبارە بکرێتەوە لە نکۆیکردن, دەبەت بە سنگەکی فراوانەوە ئامادەی دیالۆگ بین, لە کاتکدا خەمان قوربانی جینسایدین, " دامەزرێنەری بڕەی نیشتمانی فەرنسی نکۆی هەڵەکەست دەکات, دەبەت بە بەشێك لە وردەکاری جەنگی جیهانی دووەمی دەزانین, تەنانەت لە یاداشتەکانی بە تۆندی داکەکی لە فلیپ بیتان سەرکی حکومەتی فیشی پاشکەی هیتلەر دەکات لە فەرنسا, حکومەتی راستگرای پەندا بەیاری 3 ساڵ زیندانی بە ئەوانە دەرکردووە کە هەندێك لە هاوکارانی پەندی نازیەکان بە هاوبەش دادەنێن لە تاوانی هەڵەکەست, ئەمەش وەك داکۆکیکردن لە کرامەتی نیشتمانی دەزانن, ئەمە بەخێی نکۆی تاوانی هاوبەشانی نازییەکانە و داکۆکیە لە هاوبەشانی تاوانەکانی نازیەکان, دەساڵاتی شاری سربرنیتشا بەرزترین رێز لەنانی بەخشی بە میلواراد دودیك سەرك ئەرکانی سوپای بەسنە کە نکۆی کەمکۆژی سربرنیتشا دەکات, نەتەوەپەرستی و ئاین پەرستی ئەمانی دەوەت, لە کوردستانیش بهانە بە تاوانەکانی پاشای کەرە دەهێنرێتەوە بەرامبەر بە ئەزیدیەکان , تاوان لە چ ژینگەو چوارچێوەی بەهانیەك ئەنجام بدرێت تاوانە, دادپەروەری مامەڵە لە گەڵ ئەنجامکان دەکات نەك بهانەکان .

نکۆیکردنی تاوان, بەخێی درێژە دانە بە تاوان بەشێوەی نەرم, مرۆڤایەتی رێژ لە دوای رێژ دەگات بە حەقیقەتەکانی ئابردوو, سەردەمی شاردنەوەی زانیاری و حەقیقەتکان بەسەر چووە , پیرۆز

کردنی دەندەیی لە هیچ چوارچێوەیەك ئاینی یان ناسیۆنالستی جێگای نەماوە, بەیە رۆژێك زووتر دان نان بە حەقیقەت ئارام بەخشترەو جوانکردنی سیمای گەلە, کریس ئەندرسن سەرنووسەری گۆڤاری وایرد دەڵێت "زانیارییە زۆرو زەبەنەکان لە سەردەمی ئینتەرنێت, هەموو راستیەکان ئاشکرا دەکات, پێویست بە زانست و تیۆری ناکات", بەیە نکۆڵی کردن وەك سەرکردنە ژێر لمە لە سەردەمی ئینتەرنێت و زانیارییە بە کۆتاکاندا.نێتوەپەرستی و ئاین پەرستی چاوی مرۆڤکان لە ئاست دانان بە راستیەکان و حەقیقەتی مژویی کوەر دەکات, مرۆڤایەتی لە بیرکردنەوەدا دەکوژێت , هەوەدای پاکیزەیی نێتوەو ئاینە, بەیە بە نەنگی دەزانێت دان بە ناشرینیەکان رابردوودا بنێت, مەلای خێتکان تازە پاکژ نابنەوە لە هەمبەر مژووی کورددا بە گزگڵکان.
سەیری هەوەستی ناسیۆنالیزمی تورك موتوربە کراو بە ئاین بکەن, بەوانە هەوەستە شەرمەزاریکانیان نەك لە شاری قونیای, بگرە لە لاهای و بڕکسل,لە 2ی حوزەیرانی 2016 دا, بەندستاغی ئەمانیا دانی نا بە تاوانی جینسایدی ئەرمەنەکان, پێشتریش بەلجیکا هەمان هەنگاوی نابوو, ئەوەی لای من گرنگە لە پرسەی دان نان بە تاوانی جینسایدی ئەرمەنەکان لە پەرلەمانی ئەمانیا و بەلجیکا, بەچونی دوو پەرلەمانتاری تورکە لە پەرلەمانی ناوەندی ئەمانیاو پەرلەمانی هەرەمی برکسل لە بەلجیکا, هەردووك بە پاشناوی ئەزدەمیر ناوکانیان هاتووە, یەکیان پیاو چەپی ژینگە پارێز و ئەوی دیکە ژنی حیجاب لەسەر نێتوەیی ئیسلامی, هەردوکیان لە دایك بووی دەرەوەی تورکیا و پەروەردەی ژینگەی رۆژئاوان, ئەم دوو ئەزدەمیرە بە دوو هەوەستی پێچەوانە سەبارەت بە دەسپەی جینسایدی ئەرمەن دەناسرێنەوە, یەکیان پشتگ لە بواری ناساندنی, بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدۆستانەی ئینتەرناسیۆنالستانە, ئەوی دیکە سەرسەخت لە ئاست رۆتکردنەوەی حەقیقەتکان, بە بەچونی ئاینی و ناسیۆنالیزمەوە لە ئاست ئەو هەموو وێنە پڕ تاوانە قەزەون و ئەسك و پروسکە هەژێنەرە هەوەست وەردەگرێت و ئینکاری تاوان و عەدالەت و حەقیقەت دەکات, چاو دادەخات و کاروانی قوربانییەکان نابینێت.

جیم ئەزدەمیر لە دایك بووی 21ی دیسەمبەری 1965ی شاری باد ئەراخی ئەمانیا, بنەچە چەرکەسی تورکیا, سەرکی لیستی سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەمانیا, کە پێشتر لە ساڵی 2007 بە پێی بڕگەی 301ی دەستوری تورکیا سزا درابوو, بە تاوانی پێشێلکردنی (یاسای سوکایەتی بە ناسنامەی تورکی) بە پێی یاساکە تاوانە دان بە کەمەکوژی لە تورکیا بنرێت وەك ئەوەی لە پەندای ناو یەکێتی

ئەوروپا پەسەندکرا, ج ئەزدەمیرو و چەند پەرلەمانتارەکی پارتەکەی تەمەتبارکران بە پەشلکردنی ئەو بڕگەیە لە دەستوری وڵات, بەهەی هەوڵستیانەوە لە سەر دەزی ئەرمەن و عەلەویەکان کە هەیانبوو, کە پەشتر بەهەمان تاوان و پەشلکردنی هەمان بڕگەی دەستوری تورکیا نووسەری گەورەی ئەرمەنی هرانت دینك سزا دراو دواتر تیرۆر کرا, هاوکات رەمانووسی ناسراو ئەرهان بامك هەڕگری خەباتی نەبەی ئەدەب بەهەمان بڕگەی دەستور سزادراوە, واتا ئەوەی جیناتی مرۆقبوونی هەڕگرتبەت دەبەت سزاکەی بخوات, ج ئەزدەمیر پارتەکەی بە بۆنەی یادی 101 ساڵەی وەبیرهێنانەوەی تاوانکاوە لە 24ی نیسانی 2016 دا, پرۆژەی ناساندنی تاوانی کەمەکوژی ئەرمەنیەکانی لە تورکیا بە جینەسایەد پەشکەش بە پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد, لە رۆژانی پەش دەنگدانەکە جیم ئەزدەمیر بەهەی هەوەستە شلگیرانەکەیەوە لەسەر دەسیەکە, دەکەوتە بەر هەڕەشەی تورکە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان, لە گوڵی نەدا بە هەڕەشەکان لە وتەکەیدا لە پەرلەمان لە چرکە ساتی پەش دەنگدانەکە وتی: (80-90%ی سەرجەم هاووڵاتیانی ئەرمەن, 98%ی پیاوانیان,100%ی پیاوانی ئاینیان لەناو براون لەو تاوانە) هاوکات لە بەشەکی دیکە لەدوانەکەی هەمان رۆژی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا وتی: هەموو ئەو تاوانانەی ئەڵمانیا بەرامبەر بە گەلانی ئەوروپا ئەنجامی داوە دەبەت بە جینەساید بناسرێت , ج ئەزدەمیر لە درۆژەی بەچونەکەیدا رایگەیاند گرنگە دان بە رابردوومانداو بنێن, نابەت تورکیا شانازی بە رابردووی خەیەوە بکات, دەبەت رابردوو قبوڵ بکرێت وەك خۆی.تەواو دژ بەم هەوەستە ئەخلاقیانەیەی ج ئەزدەمیر بەرامبەر بە کەمەکوژی گەلەك کە وەاتەکەی خۆی ئەنجامی داوە, خاتوو ئەزدەمیر لە دایك بووی 7ی دیسەمبەری 1982 ی شایربەکی بەلجیکا, یەکەم پەرلەمانتاری حیجاب لەسەر لە ئەوروپا, پەرلەمانتار لە پەرلەمانی هەرەمی برکسل لەسەر لیستی پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆقایەتی CDH, هەوەستەکی دژ بە هەوەستەکەی ج ئەزدەمیر وەردەگرێت, نکۆی تەواو لە بوونی تاوانکە دەکات, ئەو لە یادی 100 ساڵەی ئەم تاوانە قەزوونەدا, لە بەرامبەر ئەوەی رۆتی کردەوە وەڵام بە پرسیارەکانی کەناڵی ئاڵ تی ئێ بداتەوە سبارێت بە پرسی جینەسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیا, لە بەرواری 29ی ئایاری 2015 لە پارتەکەی دەرکرا, ئەمش روداوەکی گرنگ و هەنگاوەکی ئەخلاقیانەی دەخشکەر بوو, لیژنەی ئەخلاقی پارتی ناوبراو نای.

هەر لەم پەیوەندەدا لە بەرواری 24ی نیسانی 2015 کە یادی 100 ساڵەی تاوانی کەمەکوژی ئەرمەنەکان , 6 پەرلەمانتاری بەلجیکی بە گەز تورك ئەو رۆژە ئامادەی پەرلەمان نەبوون, بە ئەوەی بەشداری نەکەن لەو خولەکە بەدەنگیەی لە پەرلەمانی بەلجیکا راگەیەنرا بە

گیانی قوربانیانی ئەرمەنی لە یاداوەری 100 ساڵەی تاوانەکە, خەیان لە دانیشتنەکە دزیەوە, ئەم چ کارەکی نا ئەخلاقیانەیە ,سەیر کەن ئاین شاو رژۆ ئیدعای ڕوشت دەکات, کەچی هەندك جار دەبێتە فاکتەر بە کاری نا ئەخلاقانە,بە دوای دەرکردنی خاتوو ماهینەر ئەزدەمیر لە پارتەکەی, تورکە ئیسلامی و ناسیۆنالستەکان لە بڕکسل و ئستەمبوڵ خەپیشاندانی ناڕازایەتیان بە پشتیوانیکردن لە هاوسەتکەی بەرەو بردو وەك قارەمان ناساندیان, تەنانەت ئەردگان و کچکەی سومەیە هاتنە سەرخەت بە توندی ڕخنەیان لە دەرکردنی ناوبراو لە پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆڤایەتی CDHگرت, خەپیشاندەران لەسەر لافیتەکانیان نوسیبوویان "ماهینەر ئەزدەمیر شەرەفمانە" شەرەف لای ئەوان داکەکیکردنە لە دەندیەکانی رابردوو و غروری نەتەوەیی و ئاینی.

هەر لەم بارەیەوە ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری 22ی شوباتی 2018, پەرلەمانی هاندا بە زەرینەی 142 دەنگ لە کەی 150 دەنگ , بەیاری بە جینەسایدی ناسینی کەیسی جینەسایدی ئەرمەنی دا, هاوکات بەیاری دا وەزارەتی دەرەوەی هاند 5 ساڵ جارەك بەشداری مەراسیمی ساوەگەی تاوانەکە بکات, لە پەسەی دەنگدانەکە 3 پەرلەمانتار دژ بە بەیارەکە وەستانەوە, ئەوانیش هەر سەکیان بە ڕگەز تورك بوون" Farid Azarkan, Tunahan Kuzu, Selçuk Öztürk" لە پارتی " DENK ", , لە کاتەکدا پارتی ناوبراو خەی بە چەپ و سەسیال دیموکرات دەزانەت و لە 9ی فیبریوەری 2015 لە پارتی کاری هاندی جیابوەوە, سەرجەم چەپەکانی دی ناو پەرلەمان دەنگیان بە باو بە بەیارەکە, ئەهم بەناو سەسیال دیمکراتانە وابن, ئەدی دەبەت هاوەستی ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان چەن بەت؟.نموونە جوانەکانیش هەن وەك ئاماژەمان بە هەندەکین کرد, دنیا هەمووی روە تاریکەکە نیە, ئەگەر کەمینەش بن, وەلە باگەو داکەکیەکانیان دەرخەری راستیەکان و دادپەروەریە, نموونەیەکی دی لەو جوانیانە تانەر ئاکچەم, لە سەرەتای ئەمساڵ 2020 سەرکی فاشیستانسا دەستخەشی لە تانەر ئەکچام مەژووناسی تورك کرد کە لە پەرتوکەکدا بە باگەوە سەلماندویەتی دواتی عوسمانی فەرمانی دابوو بە جینەسایدی ئەرمەنەکان" , ئیمانەئەل ماکرۆن وتی :" پەرتوکەکەی ئەکچام دانپیادانانەکی زانستیانەیە بەو تاوانە ناکخراوی کرابوو، وە ئەو ڕاستیانەی ئاشکراکرد کە هەندك دەیانویست ونی بکەن و نکۆلی لە مەژوو بکەن, مەژوو لەسەر بنەمای درۆ نانووسرەتەوە.
" ئەنجومەنی ئەرمەنەکان CCAF لە میانەی کەنگرەکە مەدالیای ئازایەتیان بەخشیە تانەر ئەکچام.پرۆفیسەر تانەر ئەکچام زیاتر

لە 35 ساڵ لەسەر پرسی جینۆسایدکارەکات , مێژووناووس و سۆسیۆلیجستە, لە زانکۆی کلارك لە ئەمریکا کارەکات, تۆژەری باڵای لە سەنتەری هەڵکەست , دوو پەرتووکی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن نووسیووە " اوامر قتل و الفعل المشين " , بابەتی لەسەر جینۆسایدی کوردیش هەیە, دامەزراندنی دۆکتۆرای کوردی بە تاکە رێگای دوبارە نەبوونەوەی جینۆسایدی کورد دەزانێت, هاوکات 9 ساڵ لە زیندانەکانی تورکیا بووە بە تۆمەتی سەرنوسەری گۆڤاری لاوانی شۆشگێڕی چەپگەرا.ڕۆژی سێشەمە بەرواری 17ی یەنایەری 2018, پەرلەمانی ئەرمینیا دانی نا بە جینۆسایدی ئێزیدیەکان, دەکرێت ئەم هەنگاوە بکرێتە سەرەتایەك بە دان نان بە حەقیقەتەکانی رابردوو و ساڕێژ کردنەوەی برینە قوڵەکان, هەرچەندە ئەوان بەچوونی تایبەتیان لەسەر دەزی ئێزیدی هەیەو دایە بەن لە کەی گەلی کورد.
لە کەتادا دەگەم, دەماوەت ببین بە ئیسماعیل بەشکچی و هادی عەلەوی و کازم حەبیب و ئەحمەد تورك و تانەر ئەکچام و ئەرهان باموك و ... , یان باخچەلی و میشل عەفلەق...و نموونەکانیان, مێژوو پڕە لە هەوەستی بەشی دووەم, وەلە داهاتوو بە نموونە دگمەنەکانی بەشی یەکەم, لە کردنەوەی گرێکانی گرێ کوێرەکانی مێژوو, زەر لە مرۆڤە موقەدەسەکانی رابردوو وردو خاش دەکات, مرۆڤە پیرۆزەکانی رابردوو زەریان وەك پاشای کەرە لە ئاست گوورەیی تاوانی کەمەکوژی ئێزیدیەکان لە پیرەزی دادماڕەن و چاوەوانی دادگایی مێژوو دەکەن, بەیە با چاوەوان بین مێژووش خوێندنەوەی تازەی بە بکرێت و سەرلەنوێ بنووسرێتەوە, با ئەمەش بچینە پاڵ ئەو گەل و وڵاتانەی دانیان ناوە بە جینۆسایدی هەڵکەست و ئەرمەنیەکاندا, نکەی لەوتاوانانە سزا بدرێن, گوێ هەر لەوێیە با سەمای بە بکەین.

ئەمریکا تورکیای لە ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان جێگیرکردووە! – نوسینی/ فەردا چۆتیەن- لە

تورکیەوە: ڕێبوار هەمەوەندی

لەرابردوودا تورکیا لە باشور نزیکەی ٢٠ بارەگای سەربازی و بنکەی رادار و میکانیزمی گوێگرتن و چاودێریکردن و شوێنی نیشتنەوەی کەپتەری دامەزراندبوو بەگومان جگە لە ڕۆشنی دزگای میت. ووڵنکردنەوەکانی نێچیرڤان و مەسرور بارزانیش لەمبارەیەوە جدی و باوەڕپکراونین . لەو بارەیەوە تورکیا حیساب بۆ کاردانەوەکانی باشوری کوردستان دکات، هەربۆئەوەش کە بۆ پەردەپۆشکردنی نیازەکانی پارتی و بارەگای پشمەرگەی پارتی بکاردەهێنێت. پیلانەکانی تورکیا زۆر ڕوون و ئاشکران ، گەریلاکانی کوردستان ماوەی ٤٠ ساڵەکە لەوە جەنگیربوون و دەیانەوێت لە خاکی کوردستان هەڵیان تەکێنن، دوای هەڵتەکانی گەریلاکانی کوردستان لەو هەڕەمەدا دەیانەوێت سوپای تورک و ئێندامانی کۆنترگەریلا و ئێندامانی داعش هەروەکو چۆن لە عەفرین و سەرەکانی و گرێسپی کە یونیفۆرمی سوپای تورکیایان پۆشیوە و دەیانەوێت ئێندامانی تەحریرولشام و چەتەکانی داعش لەو هەرەمە جەنگیربکەن.

ئەو پرسیارە ڕوونانەی دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە؛ ئەگەر ڕزامەندی حکومەتی باشوری کوردستان نەبێت ئایا دەوڵەتی تورک دەتوانێت ٢٠ بارەگای سەربازی و بنکەی تری چاودێری درووست بکات؟ ، ئایا پارتی و یەکێتی بەچی ئامانج و لەهەمبەرچیدا دەرگای ماڵی خۆیان بە دەوڵەتی تورک کردەتەوە؟ ، ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لە باشور کەلە هەمبەر یەکدا ڕکابەرایەتییان هەیە و بە لاوازکردنی یەکتر کە پێنا بە دوژمنی کورد دەبەن ئایا جگە لە خیانەت و خۆفرۆشی هیچ واتایەکی تری هەیە ؟ .

ئەوانەی قسەی بریقوباق دەکەن و لەژێر ناوی بڵایەنی و بیرەندیەوە کەلە بنەڕەتدا دەیانەوێت خۆیان لە باسکردنی خیانەت بدزنەوە دژەن گوایە دەبێت پارتە کوردییەکان بە بەرپرسیارانەوە مامەڵە بکەن و ئەوانەی کە دەیانەوێت پەکەکە و پارتییەک کە هاوکاری تورکیایە بخەنە تای یەک ترازووەوە ، ئەم جۆرە کەسانە بەشێوەیەک لە شێوازەکان هاوکاری ئەو لایەنە دەکەن کە هاوکاری دوژمنە و لەناو خیانەتدایە.

ئایا تورکیا کەلە باشوری کوردستان و بەعشیقەیە بەهێزی سەربازی و سیاسی زاتی خۆی لەوە جەنگیربووە ؟ ئەی باشە نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتی عێراق و کەمکاری عەرەبی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەبەرامبەر تورکیا بێچارە و بە دەستاتن هەکارەکەی هەزی زبەڵاحی سەربازی و توانای سیاسی تورکیایە؟ ، دەبا هەموومان بە ساتەک

بیربکەینەوە.
لە ئێستادا دەوڵەتی تورک کە عەفرین و سەرەکانی و گرێسپی داگیرکردووە ، ئۆگەر ئاسمانی سوریا لەهەمبەر فڕینی فڕۆکەی جەنگی داخرا ئایا دەوڵەتی تورک و قاعیدە و نوسرە و داعش و هێزی سوپای ئازادی سوریا و چەتەکانی تریش دەتوانن ڕۆژێک لەهەمبەر یەپەگە و یەپژە شت بکەن؟ ، ئەی ئۆگەر ئاسمانی عێراق لەهەمبەر فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا داخرا ئایا سوپای تورک و چەتەکانی دەتوانن ڕۆژێک لەهەمبەر گریلادا شت بکەن؟ ، بۆیە ئەمریکا تورکیا لە هەرەمەکە دەپارێزێت ، هەر ئەمریکایشە کە نایەڵێت نەتەوەیەکگرتووەکان و کەمکاری عەرەبی و حکومەتی عێراق لەهەمبەر سوپای تورکیا هاوەستە نیشانبدەن ، بەدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق و کەمکاری عەرەبی لەهەمبەر بڕدەمانی مەخمور و شەنگالدا هەکارەکەی هەر ئەمریکایە .
خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم پیلانانە خودی ئەمریکایە. ئەمریکا پەکەکەی بە دوژمنێکی ستراتیژی خۆی دەزانێت ، چونکە پەکەکە بەکاری سیاسی خۆی و بە ئایدۆلۆژیەکەوە دژبەری دەسەڵاتی ئیمپریالیزمانەی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیایە ، هەروەها پەکەکە دژبەری دەسەڵاتی زلهێزی و دژی ئاو هێزانیە کە بە هێژمونگەرایی خێیان دین و مەزهەب و خاک و نەتەوەپەرستی بە مەرامی خێیان بەکاردەهێنن و خاکی گەلان پارچە پارچە دەکەن و دێیانووت پانتایی دەسەڵاتی خێیان فراوان بکەنەوە ، ستراتیژی ئەمریکا و وەاتانی ڕۆژاوا لەپێناو دەسەڵاتی خێیان لە ڕۆژهەڵات و ئاسیا کە دێیانووە بیکەنە مەڵگەی خێیان، پێچەوانەی ڕەباز و شەوازی مەدێلی ژیان و بەرنامەی پەکەکەیە ، شەوازی بردنەوەی ئاو بنەماڵە و عەشیرەتانەی کە گردراوی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسان ئەمەش پێچەوانەی شەوازی ئایدۆلۆژی و سیسیۆلۆژی و فەلسەفەی پەکەکەیە کە هێزکی خەماییە ، پەکەکە هێزکی فڕە ڕەهەندە هەربەیە ئاو زلهێزانە لەهەمبەریدا لە داماندان.
ئۆگەر بتەوەیادمان سایی پار بەنێزانانە سەرکی ئەمریکا ترامپ قسەیکی کرد و وتی (پەکەکە لە داعش مەترسیدارترە) ، بەگومان ئەم قسەیە هەکاری خۆی هەیە ، ئەم قسەیە قسەی فەرمی حکومەتی ئەمریکایە ، بەڵام لەئاکامدا حکومەتی ئەمریکا لەگەڵ تالیبان و قاعیدە و داعش لەسەرمەزی گفتوگۆ دانیشتن ، دەسەڵاتی ئەمریکا و ترامپ باشدەزانن کە قاعیدە و داعش دژبەری سیستەمی ئەمریکا و کەپیتالیزم نین و دەشزانن کە ئەمانە بەرهەمی ئاو چەمکەیە کە دێیانووت لەناو دەسەڵات و بیرۆبڕایەتییاندا پێگەیان هەبت ، هەربەیە لەمبارەوە سەرکی ئەمریکا ترامپ لە شوێنکی نزیک لە (

بـورجی دوانـ) لـ نیـویـرک بـ رـکـوتـن لـگـ قاعیـدـ دیـداری ئـنجامدا ، بـ ام هـمان ترامپ بـ لـناودانی پـکـکـ و هـپـگـ پیلان لـسـر پیلان دادـ ژـت ، هـربـیـ دـتـوانـرـت بـوتـرـت یـکـک لـ پیلانـکانیان ـوودواـکـی زینی وـرتـیـ.
بـلای ئـمـریکاوـ مافـکانی نـونـتـوـیی و نـریت و رـوشت و ـزی گـلانگرنگ نین، باشترین نمونـ و لـبـرچاوترین مـسـلـش هـ ـوـستی ئـمـریکا بوو لـهـمبـر کوردانی رـژئاوا ، لـلایـکـوـ ئـمـریکا فیشـک و کـمـکـی کـوردان دـکـات، لـلایـکـی تـر رـگـا بـ تورکیـا خـشدـکات کـ عـفرین و سـرـکانی و گـرـسپی داگیربکات و لـمبـارـیـوـ هاوکاری تورکیاشی کردووـ .
زاتـک هـیـ بـناوی (جـیمس جـفری) کـ دوژمنی گـلی کوردـ ووـک گورگـک لـ پـستی مـدایـ. توانی کوردان فریوبدات ، بـ داگیرکاری رـژئاوا لـلایـن تورکیا و داعشـوـ کارئاسانییانی بـکردن، ئیدارـی ئـمـریکا کـ بـشانوبـلی ئیدارـی رـژئاقا هـدـدـن هـرئـوانیش لـهـمبـری داگیرکاری رـژئاوای کوردستان لـلایـن تورکیا و داعشـوـ بـدـنگ بوون و پاشانیش دیـمـنیه " بیچارـیی" نیشان دـدا.
ئیدارـی ئـمـریکا لـوـ دـترسن کـ سیستـمی یـکـیزی ناو سیستـمی ـژئاقا لـ هـموو سوریا و رـژهـلـاتی ناوین بـاوبـتـوـ ، ئـمـش بـ داهاتووی خـیان بـ مـترسی و هـشـ دـبینن ، هـربـیـ ئیدارـی ئـمـریکا و خودی ترامپیش بـ بـرجـستـکردنی پـرـژـ قـزـوـنـکانیان دـیـانـوـت کـوردانی ـژئاقا بخـنـاو پـرـژـکـیـانـوـ ، کـاتـک ئیدارـی ئـمـریکا بـ شانوبـلی دـسـلـاتی ـژئاقا هـدـدـن لـلایـکی تریشـوـ لـژـر ناوی رـکـوـتنی ئاگربـست رـژئاقایان کردـ خـلـات بـ تورکیا و چـتـکانی داعش.
ئـم چـتـیـی کـنـاوی (جـیمـس جـفـری)یـ کـبـ هـوـشانـدنـوـی سیستـمی رـژئاقا و بـ لـناودانی پـکـکـ ئـرکدار کراوـ ، لـناو هـوـدانـدایـ بـ گـیشتـن بـ مـرامـکانی خـی رـژئاقا و باشوریش بـکاربهـنـت ، (جـیمس جـفری) کـ نـونـری تایبـتی ئـمـریکایـ لـ عـراق و سوریا لـم دووسالـی دوایدا بـ لـناودانی پـکـکـ لـناوکار و خـباتـکی چـدا بووـ ، هـر ئـمزاتـ هـوـدـدات کـ بـرپرسیارانی رـژئاقا و بـنـماـی بارزانی بـ لـناودانی پـکـکـ لـیـکتر نزیک بـکاتـوـ، ئـمـ کاری سـرـکی وـیشـیی و بـرنامـی ئـوـ نـونـرـی ئـمـریکایـ لـ هـرـمـکـدا .
رـوـداوـکانی زینی وـرتـش پارچـیـکـ لـوـ پیلانـی کـ ئـمـریکا و نـونـرـکـی بـلـوـیان بردووـ و پـرـی پـدـدـن ، خـلـکی باشور و رـژئاقاش بـئاگانین لـ پیلانـکانی جـفی ، هـربـیـ لـهـمبـر ئـم پیلانانـ گـلی کورد رـژلـدوایرـژ نـلـزایی نیشان دـدـن ، ئـمـریکا

خاوەن مەژووییکی چەپەڵ و قەزاوەنە، دەیەوێت لە پشت پەردەی چەمکی ئاشتی و دیموکراسی خەڵکی مەڵاس بدات، لەکاتێکدا کە مەژووی ئەمریکا مەژووی دیکتاتۆریەت و پشتگیریکردنی زۆرداریشە.

سەرچاوە:
https://yeniozgurpolitika.net/turkiyeyi-rojava-ve-guney-kurdistana-yerlestiren-abddir

---

زمان لە پەراوێزی ماڵمانی دەریاس و لاشەکاندا! … سەدیق سەعید واندزی

دەریاس و لاشەکان، ناوی ماڵمانێکی دیکەی (بەختیار عەلی)یە، کە لەو ماوانەی ڕابردوودا چاپ و بڵاوکرایەوە.ئەم ماڵمانە، لە نێوەندی نووسین و ئەدەبی کوردییدا، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، چەندین کتێب و دیسیپڵینی ئەدەبی و وتاری لە بارەوە نووسرا. زۆربەی ئەو نووسینانە، تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تیشکیان خستە سەر ئەو ماڵمانەوە. کە باس لە چەمکی شێواو و چاوەڕوانییەکان و نائومێدبوونی مرۆڤ دەکەن. بەڵام لایەنێکی گرنگی ئەو دەقەیان فەرامۆشکرد، کە ئەویش زمانی نووسینی ماڵمانەکەیە لە ڕووی زمانەوانی و چۆنێتی دەربڕینەوە. ئەم ماڵمانە بە زمانێك نووسراوە، خوێنەر کاتێ دەیخوێنێتەوە، واهەست دەکات وتارێك دەخوێنێتەوە نەك ماڵمان. چونکە لە گەڵك شوێنی ماڵمانەکە، ئەو زمانە زاڵە. بگومان سانایکی زۆرە، تێگەیشتنێکی جگیر لای بەشێکی زۆری خوێنەری کورد بەرامبەر بە نووسینەکانی ئەو نووسەرە دروست بووە. ئەویش ئەوەیە، کە نووسینەکانی لە سەرووی هەڵخنەوەن.
ئەم بینینە، لە گەڵك ئاستدا تا ڕادەی بە موقەدەسکردنی نووسینەکانی بەختیار عەلی چووە. کە خۆی بەردەوام و هەمیشە لە هەموو نووسینەکانیدا، دژی موقەدەس و بە تەوتەمکردنی هەموو شتێك دەوەستێتەوە، بەڵام بۆ نووسینەکانی خۆی بەڵایەوە ئاسایە. هەمیشە زۆربەی خوێنەرانی کورد، شوناسی نووسەر لە پێشەوەی شوناسی دەق

دەبینن.بەومانایەی، کاتێ نووسەرێك لە ڕووی نووسینەوە ناوبانگ و شوناسێکی دیار وەردەگرێت، ئیدی لایان وایە کە هەر دەقێك و هەر بابەتێك ئەو نووسەرە بینووسێت، ئیدی پرۆفێکتە و شایەنی ڕەخنە لێگرتن نییە بە هیچ جۆرێك.خێ ئەگەرخوێنەرێکی ئاسایش هەوڵی خوێنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەودەقە لە کێاوە ڕۆژنەیەکی دیکەوە بدات، ئیدی هەم نووسەرەکە و هەمیش خوێنەرە تایبەتییەکانی، بە نەخوێندەوارو بێ ئاگایی لە نووسین و ڕەخنە تەمەتباری دەکەن. بە بێ ئەوەی بتوانن بە نووسین وەڵامی بدەنەوە. هەموو نووسەرێك مرۆڤێکیش زۆرئاساییە هەڵەیەك بکات، کەواتە کەس لە سەرووی ڕەخنە گرتنەوە نییە. تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەخنە، لە زمان و ڕێنووسیش بێت. چونکە زمان بنەمای سەرەکی نووسینە. هەموو زمانێك ڕێساو پێکهاتەیەکی زمانەوانی خۆی هەیە کە دەبێ پەیڕەو و بکرێت. زۆر جار ئەو دەستکاریی و لادانە لە زمان،دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی بنەمای واتایی زمان. زمان بوونێکی گشتییە، مۆکی نووسەرێك نییە بە تەنها، تاکو چۆنی بووێت بەو شێوەیە پەیڕەوی بکات.لە دەریاس و لاشەکاندا، لە گەڵك شوێن هەست بەو لەنگییەی زمان دەکەین، تا ئەو ڕادەیەی خوێنەر سەیری پێدێت ڕێماننووسێکی بە ناوبانگی وەها، بەم شێوەیە زمان دابەزێت و گوزارشتی لێ بکات. دەریاس و لاشەکان، ڕێمانێکە وەك هەر ڕێمانێکی دیکەی ئاسایی، دەشێ خوێنەران لە کێاوە ڕۆژنەی جیاوازەوە بیخوێننەوە، بەڵام نیشاندانی وەك داهێنانێکی گەورە و ناوازە لە مێژووی ڕێمانی کوردیدا، بە بۆای من زێدەگۆییە.ڕێماننووس هاوشێوەی ڕێماننووسەکانی دیکەی کورد، درێژدادێیەکی زۆری لە ڕێمانەکەی کردووە، ئەگەر لە ڕووی زمانەوە پوخت و کورتی بکەینەوە،ەنگە ئەوەی لە ڕێمانەکەدا گوتراوە، بە چێێکێکیش بتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت. لێرەدا وەك خوێنەرێك تەنها دەمانەوێت لە ڕوانگەی دەربڕین و زمانەوە، لە سەر ڕێمانەکە بوەستین و چەند دەربڕینێکی لێ دەهێنینەوە.بۆنموونە:_

*لا13نووسیویەتی:(برایانی کانیانی نازناوێك بوولە گوندەکەی بابیان بڕیان بەجێ مابوو).نازناو بەجێ نامێنێت، دەمێنێتەوە.گەڵك جار دەڵێین:(نازناوەکەی لە باوك و باپیرانییەوە بۆ مابووەوە).

*لا13نووسیویەتی):ئەلیاس و دەریاس هەردووکییان بە یەك زگ لە دایك بووبوون، لە یەکتری دەچوون).مەگەر بۆدەوترێ جمك ئەگەر لە یەکتری نەچن.؟!

*لا24نووسیویەتی:(چایخانەی دامەچییەکان، سەدان یاریکەری دامەچی لێ کۆئەبووەوە).مەگەرناوی چایخانەکە چی بووە؟.

*لا29نووسیویەتی:(حەمامێکی گەرم) زۆرجار ئەگەر شوێنك زۆرگەرم بێت، دەڵێین: دەتگوت حەمامە!.کەواتەحەمام خۆی گوزارشت لە گەرمی

دەکات.
*لا29نووسیویەتی:(تیشکێکی نا ئاشناو، شەوقێکی نادیار). تیشك و شەوق، نا ئاشنا و نادیار، چ جیاوازیەکییان هەیە؟!.
*لا42نووسیویەتی:(خرێش و حەماس).هەردووکییان یەك واتایان هەیە.
*لا59نووسیویەتی:(هەر کەس ێستەیەکی توێکداری تێ بگرتایە).هەر نووسەرێکی ئاسایی ئەمەی نووسیبا، بە نەخوێندەواریان دائەنا.
*لا62نووسیویەتی:(دەریاس دەنگی دەلەرزی). خێزگە ێێمانووس پێی دەگوتین کە دەنگ چێن دەلەرزی؟!.
*لا71نووسیویەتی:(ژنانی زل و چێێ ئاسا).ژنی بە چێل چواندووە.
*لا74نووسیویەتی:(بە خنکاوێك دەچوو بەرلە دوا هەناسە).جا کە خنکاوبووە، چێن دوا هەناسەی داوە؟!.
*لا85نووسیویەتی:(تەرمی ژنێك لە بیمارستانەکە خەوتبوو).سەرنج لە تەرم و خەو بدەن!.
*لا86نووسیویەتی:(خودا شتەکانمان بێ سەهل و ئاسان بکات). سەهل و ئاسان چ جیاوازیەکییان هەیە؟!.ئەم جێرە دەربێینانە، لە زمانی میللی و خێێەکی ئێمە، زێر دەگوترێنەوە.
*لا93نووسیویەتی:(خەێکی بوراوەوە لە هێش خێچوو). مەگەر بوورانەوە، هەر لە هێش خێچوون نییە؟!.
*لا94نووسیویەتی:(بێ عاتیفە بێ هیچ سۆزێك). عاتیفە، هەر سۆز نییە؟!
*لا101نووسیویەتی:(تاریکی نیشتبووە سەریان).
*لا101نووسیویەتی:(تیشکی بێ تینی مێم).مەگەر مێم تیشکەکەی هەر بێ تین نییە؟!.
*لا138نووسیویەتی:(دووڵی و ێاایی). هەردووکییان هەریەکن.
*لا140نووسیویەتی:(لەسەر گێەکەی ژەنەێال،ئێشکیان گرتبوو،پاسەوانیان گرتبوو).ئێشك و پاسەوان هەریەکن.
*لا142نووسیویەتی):موعجیزەی ئیلاهی). مەگەر موعجیزەی مرێق هەیە!؟.
*لا147نووسیویەتی:(گەرچەکمان نەبێت، ئەم قسانە تەماتەیەکی فلیقاوە ناژی).تا ئێستا، لە ێێمانی ێێمانووسە گەنج و بێ ئەزموونەکانیش، دەربێینی نابابەتی و نائستاتیکی لەو شێوەیەم نەبینیوە.
*لا150نووسیویەتی:(ئەنجوومەنی کێمیتە). هەردووکییان بەواتای دەستەدێن.
*لا165نووسیویەتی:(هەموو شەو من خەوتبووم).بە درێژایی شەوە، یان هەموو شەوە!؟.
*لا172نووسیویەتی:(قاوغی فیشەکێکی تەقیو). بێگومان تەقیو زیادەیە، چونکە کە گوتمان قاوغ، مانای وایە گوللەکە تەقێنراوە،یان نەماوە.
*لا181نووسیویەتی:(من لە ئەزموون و تەجروبەوە قسە دەکەم).

ئەزموونیش هەر تەجروبەیە، بەڵام بە کوردی.
*لا193نووسیویەتی:(باران بەجۆرێکی دڵندە دەباری).باران، هەر بارانە، میهرەبانی و دڵندەیی لە کوێ بوو؟.
*لا200نووسیویەتی:(گیاندان و ڕوح دەرچوون).گیاندان، هەر ڕوح دەرچوون نییە؟.
*لا204نووسیویەتی:(پاچ و خاکەنازەکەی نایە سەر شانی).درژدادەی پەتای نووسینی ڕۆمانووسانی ئەم سەردەمەیە، ئەوەی بەوشەیەك دەوترێت، ئەوان دەیکەنە ڕستەیەك.
*لا215نووسیویەتی:(ئینسان مەخلوقێك نییە شایەنی متمانە بێت).مەگەر هەموو مرۆڤێك بەو شێوەیە؟!.
لا250نووسیویەتی:(بەوخەکە دەڕۆم بەو عالەمە دەڕۆم).خەڵك و عالەم،هەر یەك نین؟!. وەرای ئەمەش، ڕۆمانووس بە شێوەیەك ڕۆنووسی هەندێك وشەی نووسیوە، کە من یەکم جارە ڕۆنووسی لەوشێوە دەبینم. لە هەندێك شوێنی ڕستەکاندا، وشە هەیە دەبێ بە جیا بنووسرێت، کەچی بەختیار عەلی بەلێکدراوی نووسیوە، ئەو وشانەشی کە دەبێ بە لێکدراوی بنووسرێن،ئەو بەتەنهای نووسیون. لە زۆری شوێنی ڕۆمانەکەدا، ئەوەم کەوتە بەرچاو.لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:
*لا26(قسەیەکرد).
*لا41(ڕۆزگارتانبکات).
*لا92(ئەنجامیبدەیت).
*لا92(ڕەوانەیکردووم).
*لا197(لکەداریبکەیت).
*(سەرنجدەدەم)
*لا180(بانگیبکات).
*لا181(هەستبکات).
*لا182(سڕاغیاندەکەن).
*لا188(کۆمەکیبکات).
*لا190(ڕۆزگارمبکات).
*لا202(بۆئەوەی).
لا222(بۆدوودڵی)
*لا210(دوایاندەکەوین).
*لا255(تارمایيگەلێکیان).

لە ڕاستیدا، نووسینی ئەم وشانە بەو شێوە ڕۆنووسە نامۆو ناڕۆزمانییە،تەنها لەو ڕۆمانەدا هەیە و بۆواناکەم هیچ نووسەرێکی کورد، ئەوشێوە سەیرە لە نووسینی ڕۆنووسی وشەکان پەیڕەو بکات.

بەگومان دەقی ئەدەبی بەگشتی و ڕۆمانیش وەك ژانرێك، پێكهاتەیەكی زمانەوانین.زمانیش ڕۆساو داڕشتنی تایبەتی خۆی هەیە، نووسەرێك گریمان چەند ناسراو و داهێنەریش بێت،مانای وانییە بە ئارەزووی خۆی بكەوێتە سەروگوللاكی وشە و چێنی بووێت بەو شێوەیە دایبڕژێت.چونكە وشەی سادە وناسادە و لێكدراو و چەندین جۆری دیكەش، بە پێی دەربڕین و كۆنتێكسی ڕستە دەگۆڕێن. بۆنموونە: وشەی (دوایانەكەوین) واتا بە شوێن ئەواندا دەڕۆین، بەڵام مەرج نییە ئەو كرداڕە بكەین. كەواتە(دوایان)و (دەكەوین) دوو وشەی جیان و دوو واتای جیاوازییان هەیە و نابێ بە لێكدراوی بنووسرێن.چونكە زۆرجار مانای وشەیەكی دیاریكراو، بەداڕشتنی لە نێو ڕستەدا دەگۆڕێت.وەك:(بەڕۆ دەكەوین) كەچەند جیاوازیی لە ڕووی ماناوە هەیە لەگەڵ دەربڕینی(دوایان دەكەوین). ئەمە و زۆر نموونەی تریش.

سەدیق سەعید ڕواندزی

پەراوێز/ دەریاس و لاشەكان، نووسینی:بەختیار عەلی، بابەت:ڕۆمان،ساڵی چاپ 2019..

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی(وشە) ژمارە(313)لە 8/1/2020بڵاوكراوەتەوە..

گۆران بۆ نێو جۆنگڵەكانی ... ئەحمەد ڕۆسۆ

دڵێم تا فڕامۆشیی لێ هەموو شتێك،
دڵێم تا شلبوونەوە، تا بەهەمبوون،
دڵێم بۆ نێو جۆنگڵەكانی ڕۆح،
بۆ دوای قاڵنچێكدا كە بتاقەتە لێ خۆی، دەگۆڕم.
بۆ دوای كرمێكدا كە نیگەرانیی دایگرتووە،
بۆ دوای گۆمایەكدا كە بۆر لە وادی خۆی كوتە خواردووە،
بۆ دوای ژیژكێكدا، كە نەرم نەرم لەنێو ئارامییدا،
گڵێیەكانی دەرهەق بە دڕقیی باران،
لە سەر ڕێگای یادەوەری خۆی دەنوستووە، دەگۆڕم.

بە دوای ڕەشبایەکدا، کە وەکو چەقۆ دڵووڕنە لە تاو ئازار،
دەگەڕێم.
تاقەتی ئۆوم نییە، بچمە بەر تاڤگەی جەنگەڕەکان،
ئاسودە لە پەرشبوونەوەی تیشک و دڵۆپە بەخێاڵەکانی ئاو بنێم.
دەچمە نێو جەگەڕەکان تا لە قووڵایێدا بگەمەوە بە لمی ناکۆتای
ئەندێشەکان،
بگەمەوە بە سەراب و بگەمەوە بە دڵی سووزیی بیابان.
تا سووزایی دەخەمەوە نێو دڵی ژیان، دەگەڕێم.
…
ناچمە نێو جەنگەڕەکانەوە، تا لە پای دەزینەوەی
گوێکی دەگمەنیی پێخەندەزا*،
هەستی ناوازەیی بچێژم.
ناچم تا بێنێو مەستیی شنەی بادا تێپێ ببم.
ناچم تا خەم لە شە و بێنی تێی درەختان هەڵکێشم.
…
دەچمە نێو جەنگەڕەکانی دەروون
بەدوای ئازی خەشاردان و
نهێنییەکانی ئاکردندا، دەگەڕێم.
خەشاردانی ئینسان لە خێ و
ئاکردنی لە ئەوانیدی.
بە دوای کەشفی خەفریودانی شادمانیی
بە تێپەڕ بوون بە زەماندا، دەگەڕێم
بە دوای تێگەیشتن لە ئاستەقینەی دێتەنگیی و
حەقیقەتبوونی تراژیدیادا بە تێدابوون
لە نێو کاتدا، لە هەر شوێندا، دەگەڕێم.
دەچمە نێو قووڵایی جەنگەڕەکانی دەروونم،
تا ڕەشنایی، تنۆک تنۆک
هەڵەژمە نێو دەروونی شەو.
بەڵام هەر تێپەڕیین بە جەنگەڕەکەندا
تێپەڕیینە بە شەودا، تا دوایی شەو، هەر شەو.
دەچمە نێو جەنگەڕەکانی نائاگایی،
تا ئاسۆیەکی ڕووناک بدەم بە
دڵی تاریکی بوون.
بەڵام بوون لە نێو تاریکیدا
دەتوانێ چ پەنجەرەیەک و چ ئاسۆیەکی هەبێت
ڕەش نەبێ؟!
…

دەچمە نێو جەنگەکان
جەنگەکانی خەیاڵ و جەنگەکانی زمان.
بە دوای ووشە دروستکراوەکانی نێو خەیاڵی ئەهریمەن و
هێستە کوژراوەکانی نێو سەری جەنگدا، دەگەڕێم.
بە دوای تیشکە تاریکەکانی ئاسمانیی ساردیی خەیاڵ و
دیمەنە ترسناکەکانی داغدا دەگەڕێم.
بە دوای مانادا لە نێو خەیاڵیی بەرهەنگیی زماندا، دەگەڕێم.
دەگەڕێم لە نێو قووڵایی جەنگەکانی زمان و تاریکستانە چەکانی
خەیاڵ.
دەچم تا لە نێو خەیاڵەکیدی و زمانەکیدی
وون دەبم تا بگەڕێم.
دەگەڕێم بە مانایەکیتر.
تا مانایەکیدی بە زمان و مانایەکیدی بە خەیاڵ بدەم،
لە نێو خەیاڵ و لە نێو زمان، مانایەکیدی بدۆزمەوە.
تا دۆزینەوەی مانایەکیدی، وون دەبم.
…
دەڕێم بە نێو جەنگەکان، دەگەڕێم.
دەگەڕێم تا وونبوون.
……

- پەخشەندەزا: ووشەیەکی داتاشراوی هەر سێ ووشەی پێ "پەیامی گوێ" ، خەندە و تەزانە. واتا پەیامی گوێ کە خەندەی تەزابێت.

ناوی کتێب: پیری کەوان و بەردەژن … نووسەر: مەولود ئیبراهیم حەسەن

ناوی کتێب : پیری کەوان و بەردەژن
بابەت : گەشتنامە
نووسەر :مەولود ئیبراهیم حەسەن
پیتچنین و هەڵچن : نووسەر

نەخشەسازی ناوەرۆك : ئاسیا صباح
نەخشەسازی بەرگ : شاخەوان جەعفەر
تیراژ : 500 دانە
چاپ : چاپی یەکەم – چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ 2019
نرخ : 4000 دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (404)ی ساڵی (2019)ی پێدراوە

بۆ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە کلیکی ئێرە بکەن .....

ئاوازی تفەنگ و دەوڵەتی سەربەخۆ .. هەوڵ بۆ سکۆنی

کورد نەتەوەیەکی ئازا و قارەمان و نەبەردە، بەدرێژایی مێژوو دراوسێکانی بەئازا و شەکەر ناویان بردووون، تەنانەت زۆربەی گەیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لەمەڕ ئازایی و قارەمانی و سوارچاکی کوردان گەواهی ئەوە دەدەن، کە کورد گەلێکی ئازا و شەکەرن و لەو بوارەدا زۆر لەسەرەوەن، شانازیخانی بدلیسی دەربارەی ئاکاری کورد دەڵێت: کورد گەلێکی ئازا و قارەمانن و مل بە کەس ناچەمێنن، شکۆمەندی نەفسیان بەرزە و بە بژێوی ژیان دەست لەکەس پان ناکەنەوە، کورد ئەگەر باری ئابووری خراپ بوو، پێی باشترە زۆم لەخەڵك بکات وەك ئەوەی دەستی لە پان بکاتەوە، لەبەر ئەوە هەر کات برسی بوو، دەست دەداتە چەکەکەی و بە زۆر شت خەڵك دەستێنێت، بەڵام بەڵایەوە شەرمە سوا بکات و دەست لەبەر خەڵك پان بکاتەوە، کوردەکان ئەگەر ئاکارێکی ناپەسندیان هەبێت، هەر ئەوەندەیە کەسیان سەر بە کەسیان ناچەمێنێت و بە یەکتر نایێنە بەرکەمەند، هەروەك تاکە تاکە هەر کەسە بیر لە سەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بە تەکەڵایی بیر لە سەربەندی تەکەڵایی ناکەن و پشتی یەکتر ناگرن و نابنەیەك. دەربارەی ئەم ئاکارە نالەبارەی کوردان مامۆستا (مەلا سعدالدین) فەرکاری سوێتان مرادخانی عوسمانی، لەناو مێژووە تورکییەکەیدا کە

بۆ عوسمانیانی داناوە، لەگەڵ کوردیشدا دواوە و دژایەتی: هەموو کوردێک بۆ خۆی سەربەخۆیەکە و ئامانجەکانی ملهوڕی و زۆرداری بەرزکردنەوە و لەناو ئاو شاخ و کێوانەدا بەسەربەستی دژی، ئاگر سەرنج بدەینە باری یەکدی گیری و هاوبیری و هاوکاریانەوە، تەنیا لە شادە و ئیمان هێناندا نەبێت، لەهیچ شتی تردا یەکناگرنەوە.
مرۆڤی کورد هەر لەو کاتەوەی خۆی دەناسێت و هەست بەچاکە و خراپە دەکات، خۆی بەمەزن دەزانێت، حەز دەکات پلەی بووترێت شەکەر و ئازا و قارەمان، هەر ئەو هەستی خۆ بەزەر زانینەی وای لە کردووە، لەبەرامبەر نەیار و دوژمنەکەیدا چالاك و زەبر وەشێن بێت، ئەو هەستەی وای کردووە زۆر لەخۆی ڕازی بێت و شانازی بەخۆیەوە بکات و خۆی زۆر پێ لە فارس و تورك و عەرەب باشتر و پیرۆز تر بێت، لە ئەنجامدا ئەوە ویستی ملهوڕی و توند و تیژی و شەڕانگیزیە، لەوانگەی ئەوانی تر ئەمە ئاکارێکی ناپەسندە و پێچەوانەی پێوانەی ویستی گەشەکردنی مرۆڤایەتیە.
میر شەرەفخان و سەیدای خانی تاوانی یەك نەگرتن و لێك دووریمان دەخەنە سەر ملهوڕی و لاساری و دەمار ئەستوریمان، ئیتر پەروەردەکرانی هەزار ساڵەمان دەڵێ چاڵەی خستوین و ئەوەی کردوویە پلەی کردووین، چاوبەستن و گزی کاری بەدکار و نالەباران بەو دەردەی بردووین. ئەوەندەی چڵی شاخ و کەژ و کێو و زۆری خوێی ووبارەکانمان، وەك دەڵێن نەفرەتی جوگرافیا بونەتە لەمپەر و بەرگری بەیەك نەگەیشتن و تێك نەگەیشتنمان، سەد ئەوەندە و زیاتریش بەندوباوی تەفرەو ژەهراوی برایانی دەم گەرم و دەس بڵ و ئاشنایەتی بەدیمەن جوان و بن شۆ، ئەو پەندەیان پێ داوین و لەو بەند و داوەدا شەتەك دراوین و تائێستاش هەر بەدیلی و خاکەساری ماوینەوە.
ئەگەرچی ئازایی و قارەمانێتی بەدیوێکدا مایەی شانازی بێت، ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵە نەکرێت، بەدیوەکەی تردا مایەی شکست و تێداچوونە و لە ڕوانگەی ئەوانی تردا ئازاکان بە تیکدەر و شەرانی دەناسرێن، کورد بەدرێژایی مێژوو کە دوژمنەکان هورژمیان بۆ هێناوە، بەرەوڕوویان بوونەتەوە و بەرپەچیان داونەتەوە، ئەگەرچی چەوساوەنەتەوە و زوڵم لێ کراون، بەڵام لەڕوانگەی دوژمن و نەیارەکان زۆر شەڕانی و بەدناون، هەر لەسەر زمانی ئەوانیش لەچوارچێوەی گەلانی شەڕانگیزدا پلەیەکی نزمیان پێ دراوە، بۆیە هەمیشە دوژمنەکان لە کورد ترساون و ئەگەر جووڵانەوە و سەرکێشیەکیان کردبێت، لە پەرەگرتنی ئەو ترسەیان بە گەلەکەمەکێ جوڵانەوەکەیان دامرکێنراوەتەوە و خاکیان وێران کراوە و ماڵیان بەتاڵان براوە.
شەڕانگێزی دیاردەیەکە نەك بۆ کورد بۆ هەموو گەل و وڵاتان مایەی بەدبەختی و ماوڕانیە، ئەو گەل و دەوڵەتانەی شەڕانی و یاخین و

بەئازا ناسراون، مایەی دڵەڕاوکێ و مەترسی دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندیەکانن، لەبەرامبەر دا ئەو گەل و دەوڵاتانەی هەمن و بێ شەڕ و شۆڕن، خەیان لەگەڵ چەڕگار دەگونجێنن و مرۆڤ دۆستانە بیردەکەنەوە بەدوورن لەمەترسی بۆ سەر جیهان، ئەو گەلانە ویستی بوون و دەوڵەتداریان زیاترە و زۆریان بەدەوڵەتی سەربەخۆی خەیان گەیشتوون، چونکە ئێستا دەوڵەتە بەیار بەدەستەکانی جیهان دەیانەوێ جیهان ئارام و هاوسەنگ بە ئاراستەی مرۆڤ دۆستی و پێکەوە ژیان بێ.
لەم ڕوانگەیەوە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپی ئەوانەی لە شێوەی دێندە دا پەلاماریان دەدا و مەرگ دۆست بوون، بێ بەئاگاهاتنەوە و ڕام کردنی ئەم عەقلە مەرگ دۆستە، جەنگ هەلگیرسا، سەرەڕای مەرگی خەیان زۆریان دەوڵەتەکانیان لە لێواری مەرگ گەیاندەوە، بێ تەواوکردنی پەیامەکەش جەنگی دووەمی جیهانیش بەدوایدا هات، ئیتر زۆر لەو دەوڵەتە دێندە و شەڕانگێزانە پەوباڵیان کێشان و خستیانەوە سەر ڕێگای ئەسڵی مرۆڤ بوون، ئیتر ئەوروپا بووە کانگای زانست و پێکەوەیی و سڵسیال دیموکراتی و ژیان دۆستی، بووە پایەی سەقامگیریی و پێشکەوتنی جیهان.
لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتریش زۆر لە گەلانی دنیا بەهێمنی و لەسەرخۆ و پەیامی مرۆڤ دۆستی توانیان مافی خەیان بسێنن و دەوڵەتی سەربەخۆ بەدەست بێنن، بەڵام کورد لەبەر ئاکاری ناپەسندی، جارێك بۆ هاوکاری لەخزمەت شەڕانگێزی ئەتاتورك و بەشێك لەگەڵ ڕووسیا و جارێکیش شەڕی خۆبەخۆ و دژی بەریتانیا و وڵاتە بۆیاربەدەستەکان ئەو هەلەی لەدەست دا، چونکە لایان وابوو کورد گەلێکی شەڕانیە و لەوە زیاتر ناتوانێ کاریگەری هەبێت، ئێستاش وتە باناوبانگەی مس بێل کاریگەری خۆی هەر ماوە کە دەربارەی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد وتی: لە کوردەکان گەڕێن ئەوان با بە شەڕی عەشایری ناوخۆیانەوە خەریك بن و یەکتر بخۆن.
لەچەند ساڵی ڕابردووشدا بینیمان سەدام حسین کاتێك لە قاوغی خۆی هاتە دەرەوە و وەك دێندەیەك کەبەی تیژ کرد و هاتە گۆڕەپانەکە، چۆن بە بۆیاری هاوپەیمانان کەبەکانی کورت کرانەوە و دواتریش دەسەڵاتەکەی سەنگوم بوون، ئێران و تورکیا و سوریا و عیراق و زۆر لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێستا بوونەتە دیکتاتۆر و دێندە و شەڕانگێز و هەر ڕۆژە پەلاماری لایەك دەدەن، هەنگدانەوەکەی پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکایە و دەبێ ئەوانە کەبەکانیان بشکێنرێ و فۆری دەوڵەتداری و مرۆڤ دۆستی بکرێن، ئێران کە وەك مرۆڤ دۆست و دوور لەشەڕ لە دوو جەنگی جیهانیدا بێ لایەن خۆی پیشاندا، دواجار خاکەکەی پارێزراو بوو، وەکو خۆی مایەوە، بەڵام ئێستا کە وەك دەوڵەتێکی مەرگ دۆست و شەڕانگێز سەرەڕای ئازاردان و

شەفرشتن بە گەلانی وڵاتەکەی خۆی، ددانی لە زۆر لەوڵاتانی تر جێ کردۆتەوە و کلکیشی لەزۆر شوێن تۆز دەکا، ئەو ملهڕی و شەانگێزیەی پێویستە چارەسەرکی بۆ دابنرێ، ئەوەی ئێستا کە ئێران کەوتۆتە بەرهەڕەشەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە چوارچێوەی ئەم شەاگێزیەی دایە، کورت و کرمانجی دەبێ کورد ئەوە بزانێت کاتێك وڵاتێك یان نەتەوەیەك لە جیهان یاخی دەبێ، لەلایەن دەوڵەتە بەیار بەدەستەکانی جیهان تەمبێ دەکرێ، ئەوە ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی جیهانی لەلایەن دەوڵەتە بەیار بەدەستەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە، هەر کاتێك گەل یا نەتەوەیەك ملهڕی و شەانگیزی پیشان بدات لەگەڵ دەوروبەر و مایەی سەرئێشەی مرۆڤ بێت، دەبێ چۆنوکەکانی کورت بکرێنەوە و فێری مرۆڤ دۆستی بکرێت.
لەگەڵ ئەو هەموو ئازایی و قارەمانێتیەدا، تەنانەت لەشەی خوێناوی و مەرگ هێنی داعشدا کورد، وەك پارێزەری مرۆڤایەتی ناوزەدکرا، کەچی نەیتوانی بەچەك مافی هەوای خۆی بەدەست بێنێ، بەچاوپۆشی هاوپەیمانان عیراق بەهاوکاری سوپای ئێران کەرکوك و هەموو ئەو ناوچانەی داگیرکردەوە کە بەخوێنی پێشمەرگە ئازاد کرابوون، کەواتە هیچی تر نابێ کورد بۆ سەندنی ئەو مافە تەنیا چەك بەکاربێنێ، بەکو لەگەڵ چەکەکەیدا و بگرە زیاتریش دەبێ ئەقڵ و زانست و مەنیق بەکاربێنێ و گەلانی بەیار بەدەست و ئاشتیخوازی دنیا تێی بگەیەنێ، کە کورد گەلێکی مرۆڤ دۆست و ئاشتیخوازە و دەیەوێ لەبنیاتنانی پێشکەوتن و ئارامی و ئاسوودەیی جیهان بەشدار بێ، بۆ ئەوەی وەك هەموو ئەو وڵاتانەی کە مل کەچ بوون بۆ مرۆڤ دۆستی و ئارامی، ئاسوودەیی و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد دابین بکرێ، ئەگینا هەتاکو پەنا بۆ چەك ببەین و بمانەوێ کێشەکانمان بە شەڕ کۆتایی پێ بێنین و ئاوازی تەقەی تفەنگمان پێ لە ئاوازی مۆسیقا خۆشتر بێ، هەرگیز کارمان لەوە باشتر نابێ.

هەسوێ بەسکێنی

نوستووی بەر باران – خوسرەوی

گۆرانی سۆرخی ... و: نەژاد عزیز سورمێ

دەستێ لەنێوان چەقێ و دیوارە
دەستێ لەنێوان چەقێ و دێ نییە
ئا ، ئاوەها بەبێ پێ
لە پەیژەکاندا خلێر دەبمەوە..

لەیلای من هەمیشە لە پشت پەنجەرەدا دەنوێ و
باش دەزانێ
کە من سپێدەدەمان
بێ دەست دێم و
دەسەڵاتی کردنەوەی پەنجەرەم نییە..

زیخی دەم کەنارەکانی (عومان)
هەنگ ناگۆڕن
ئەوە گۆرانی منە
هەنگی دەشتی سووتاوی هەڵگرتووە ..

کە تۆ ، بێ پەنا
لەنێو دەریادا دەبینم ،
دەستێ لەنێوان چەقێ و دیوارە
دەستێ لەنێوان چەقێ و دێ نییە ..

نوستووی؟
نەء بێداریی؟
ئایا تۆ خێر
بێ شار دەبەی ،
تا گۆڵە کۆڵانە نوستووەکانی بەر باران و
چیمەنە شێدارەکانی نێوانیان بەردەی ؟
تا هەردوو بەری هووباری بزانن
هەرگیز ئاگر
لە ژێر خۆڵەمێشدا نانوێ ..

لە ژێر هۆژنەی بارانی چەقێیێ هووت
دەزانم- تۆ کراسێکت دەوێ- دەزانم
تا بێ کەنار بێیتەوەو

پەنجەرەکان ،
ڕووبەڕووی سپێدە وشاکەی ..

من بە هەشایی دووچاوی هەشی تۆ ، دەنووسم :
لە هەر لایەکی ئەم باخچەیەدا
دەستێ هەمیشە چاوەڕوانی دەستێکی تری
چاوڕ هەیە هەرگیز ناچێتە خەو..

- لە (راهیان شعر امروز) ی داریوش شاهین لاپەڕە 304 کراوە بە کوردی .

لێکۆڵینەوەکانی دوای کارنا … نوسینی.. لوقمان مستەفا

دەگوترێت زۆرشت لە دوای کارنا گۆڕانی بەسەردادێت،هەر لە سیستەمی سیاسی،ئابوری،کۆمەڵایەتی،تادەگاتە کلتورە باوکانی نێوکۆمەڵگاش کە دەکاتەوە،هەر وەک بیرمەندی گەورەی ئەمریکی (هێنری کسینجر، وەزیری پێشووتری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە وتارێکیدا کە لە ژمارەی "واشنگتن پۆست" بڵاویکردووتەوە، لەسەر گۆڕانکاریەکانی دوای گشتگیریی کارنا هەشداریيداوە.لە وتارەکیدا کسینجر پێشبینیی کردووە، قۆناغی سیاسی و ئابوریەکانی هەڵکەوتەی ئەم نزخشیە گشتگیرە، بە ماوەیەکی درێژ و بە نەوەکانی داهاتوو بردەوام بێت و سیستمی جیهانیش بگۆڕێت).
بەپێی هەر سیستەمێو بە جیا بە شێوازی خۆی و جودا گۆڕانی بەسەردادێت.ئێمە لێرەدا باسی دیاردە کۆمەڵایەتیە باوکانی نێو کۆمەڵگا دەکەین و ناچینە ناو سێکتەرکانیتری ئاماژەبکراو.
باشترواید کەسانی پسپۆڕو شارەزا توێژینەوەی زانستی لەسەربکەن.
زانایانی بواری کۆمەڵایەتی رایدەگەیەنن، پێشبینی دەکرێت لە کاریگەریەکانی دوای قایرەسی کارنا، "تەوقە و لەباوەشکردن" لە ساڵانی داهاتودا زۆر کەمببێتەوە و بەوەش خووی مرۆڤ لە بەنە و دیدارە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا دێت.

لەوبارەیەوە ماڵپەڕەی دەیلی مەیل ئاماژەی بەوەکردووە، چەکردنەوەی ڕەکارە خەپارێزیەکان بە ڕووبەرێوەی قایرەسی کۆرۆنا پەدەچێت کاریگەری لەسەر پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دابنێت، بە جۆرێک تووقەکردن لە دیدار و کۆنفرانسەکاندا وەکو خوێکی مرۆڤ ڕەنگە نەمێنێت یان زۆر کەم ببێتەوە.
بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەی دوای کۆرۆنا کاریگەرێتی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە لە سەر تاک بە تایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی،هەر بۆیە پێدەچێت لە هەرەمی کوردستانیش کۆمەڵە لێکۆڵینەوە لەسەر کلتورباوەکانی نێو کۆمەڵگا بە دوای خۆیدا بێنێ وەک: تووقە و ماچ و لە باوەشکردنی یەکدی کەم بێتەوە،پرسە و سەردانی نەخۆش و ئاهەنگگێڕان و کابووندەوەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی لێبکەوێتەوە.ئەمە کاریگەرێتی ئەرێنیە بە خۆ پارێزی لەم دەردە کوشندەیە.
کاریگەری نەرێنەکەشی ئەوەیە تاکی ترسنۆک و تەمەڵ بەرهەم دێنێ،چونکە لە گەڵ خاو بوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا پێویستە بە دەوام و شوێنکاری ڕۆژانەیان و بەردەوامی ترس و دەڵەاوکێش لەوڵاوە بووەستێ.وەڵەای ئەوەی والە مرۆڤ دەکات کەمتر بەوای بە خۆی و تەنانەت بە دام و دەزگا تەندروستیەکانیشی هەبێت.
بە هەڵگری و پاراستنی بەشەکی گرنگی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرئەوەی ئەمەی کورد بەو پێوەندیە کۆمەڵایەتیانەوە جوانین و ماوین و لە گەلانیتری دنیا جیا دەکرێنەوە، بۆیە بە گرنگ دەزانرێت لە گەڵ پابەندبوونمان بە دەنمایی تەندروستیەکانەوە و خۆپارێزی لەو ئافاتە جیهانیە خەشوێستی و بە دەنگەوەهاتن ودەنەوایی یەکدی زاڵبوون بەسەر کۆرۆنا قایرەس و هاوشێوەکانی ئەم پەتا نەگریسەدا.

کەڤاڕەکانی نیگا … شەونم زەندی

لەم ئەقیانوسی نامورادییەدا
پەپولە موعجیزەکانی باخچەکانی عەدەم
باڵەکانیان دەبەخشنە
نیشتیمانکی وڕای وڕان و بوڕ ..
لەم جەنگەی وڕانییەدا ..

لە کاتکا..
خەوبردنەوەی چراکان و
وینەوەی ئەستێرەکان
شەوەکان تارتر دەکەن ..
پیاسەکانی ئیوارەیش..
گومان لە : ناوی گوڵە بێ بۆنەکان
دەکەن ..
" سینگێ "
پێشینەی کردنەوەی دەروازەی ..
ڕازەکانە ..
خەون : وێنەیەکی هەڵواسراوە
لە فەرهەنگی مرۆڤینیدا ..
هاوکێشەی شەوە نوتەکانی
تیا دەخوێنینەوە..
ئەو " ڤیانە " ی لە جامخانەی یادەکانە ..
لە نێو نیگاێیکی شوشە بەنددایە
کاتێ کە بە تەلیسمی
سەفەری خەونە سەرابییەکانەوە ..
دەیبینینەوە
دەمێکە ..
بێ ئەو ئەستێرەیەی
پەخشی تروسکەی لێ قەدەغەکراوە..
بەڵاگێێین
بێیە .. نیگاکانمان …
بە ساباتی عەشقەوە لە : " ئێپەرێتیك " دا
هەڵدەپەسێرین :
وردە هەنگاوە نسێیەکانی تەنیایی
بە کەڤاەکانی ئاوێزەی نیگاێیك
لە " قلە ترێ " ێیکدا … " وچانێك لە ێح "
چاوەوانی پاکیزەیی خەونێ دەنەخشێنێ ..
چاوەوانی " نیگا ، چپە ، بریسکە ، ەنگ "
ساتە سفری
زەنگێکن لە چاوەوانی وانین …
وانین بێ ئەو نواەیەی بە قەد " شنرێ " وە..
داستانێکە لە نەمری و
بارمتەی ئەو ساتەیە کە تەنها خەم دەەوێنێ .

شەونم زەندی
هەولێر

2004 / 5 / 26

مانیفێستی عەشق .. 1- تێکست: ستیڤان شمزینی

بەشی یەکەم..

لە نێوان خەم و خەتدا، خەم لە ون بووە
تکایە ڕەگەی دڵزینەوەی خەمم نیشان مەدە

یەک چرکە پێش ئاشقبوون بەنارە پێش چاوی خۆت
دنیا چەند هەمن و ئارام بوو، بۆچی چەندیش بێ تام؟

کاتێک بیر لە ناسکیی تۆ ئەکەمەوە
هەست ئەکەم لە ڕەحی ئەفسانەکانەوە هاتوویت

کاتێک تەم ناسی
وردە وردە دەستم بە توانەوە کرد

کاتێک مەستی ئێشقت بووم
خوێنم بوو بە مرەکەب و
داستانەکەمانی نوسیوە

بمخەرە دڵەک شیعرتەوە
بە ئەوەی هەمیشە لە سەرتدا بمێنمەوە

خەونت پێوە ئەبینم
وەلێ لە خەونیشدا هەر تامەزرۆتم

چۆن ئەتوانی جەم بهەڵی؟
مەگەر من بەشەک نیم لە تۆ؟
کەس هەیە خۆی لێت بکات؟

نامەوێ بە تۆ بمرم
چوونکە بەیارمدا بە تۆ بژیم
مەگەر تۆ ژیانی من نیت؟

ئەگەر ویستت بمکوژیت
نیشانە لە دڵی خۆت بگرەوە
مەگەر مەملەکەتی من دڵی تۆ نییە؟

سێپتەمبەری 2015
دیسامبەری 2016
ئەڵمانیا – سوێد

تێبینی: ئەم پەستەرانە لە دیوانە شیعری "بەتیشکی عەشقت ئەدرەوشێمەوە" لە ساڵی 2017دا چاپکراون.

ئەبی منالان – دوو هاویە… و: محەمەد بەرزی

منداڵە خۆشەویستەکان ، جارێکیان مشکێک و بەقێک بوون بە هاوڕێ . بەقەکە لە ناو گەماوەکدا دەژیا ، هەموو بەیانییەک بە بازدێک لە ناو گەماوەکەدا خۆی هەڵدەدایە دەرەوە و خۆرا دەچوو بە سەردانی مشکەکەی هاوڕێی ، کە لە ناو کونێکی نزیک دارێکی گوردا خۆی شاردبووە . پێکەوە بە خێیان بووپێی خۆشیەوە یاریانەدەکرد ، پاشان بەقەکە سەرلە ئێوارەیەکی درەنگ دەگەڕایەوە بە گەماوەکەی خۆی . مشکەکە بەقەکەی بە دە خۆشدەویست و زۆریش بوو هاوڕێیەتییەکەی دەخۆشبوو . بەڵام ئێوەی سەیر بوو ، تەنها بەقەکە سەردانی مشکەکەیدەکرد ، هەر بۆیە بەقەکە ئەمەی زۆر پێناخۆشبوو ، زۆر خەفەتی پێدەخوارد و هەستی بە کەمایەتی دەکرد ، ئێژ لە دوای ئێژ زیاتر نیگەراندەبوو . زوو زووش لە دڵی خۆیدا دەیووت : (باشە ئەم مشکە خۆی بە چی دەزانێت ، ئاخر بە ئێوەندە لووت بەرزە ، بە دەبە هەموو ڕۆژێک من سەردانی بکەم ، ئەی باشە ئێویش بە جارێک نایەت سەردانێکم بکات ، ئەی بە هەردەبە چاوڕێیە بێت من بچم بە لای ؟) . ئیتر بەقەکە بە تەواوی ڕقی لە مشکەکەی هاوڕێی هەڵگرت ، خۆشەویستییەکەی بوو بە بوخز و کینە و خوا خوای بوو تۆڵەی ئێو سووکایەتییەی لێبکاتەوە . هەر بۆیە بەیانییەکی زوو پێتکی لێگەڕێدا بەرد و چوو بە لای مشکەکە . هەر گەیشتە لای گورج سەرێکی پێتکەی بە جوانی بەست بە قاچێکی خۆیەوە و سەرەکەی تریشی زۆر بە قایم بەست بە کلکی مشکەکەوە ، ئنجا بە قونە قون مشکەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا ، لە دڵی خۆشیدا زوو زوو دەیووت : (ئا بزانە ئەمە چۆن زوخاو دەکەم بەقوگتدا و چۆنیش لە ناو گەمەکەدا دەتخنکێنم و هەقی ئێو لووتبەرزییەت لێدەکەمەوە) . مشکەکە حەپەسا بوو ، لە ترساندا هەموو گیانی دەلەرزی و ئارەقی شین و مەری دەردابوو ، هاواریدەکرد و دەیووت : (باشە تۆ بە لە خوتوخێایی وادەکەی ، تکایە وامەکە و ئازارم مەدە و ئەمە هاوڕێیی یەکترین ، من تەم زۆر زۆر خۆشدەوێت ، ئاخر من چیم لە تەکردووە ، بە ڕاستی نازانم تۆ بۆچی ئاوا ئازارم دەدەیت ؟) ، بەڵام بەقەکە گوێی لێنەگرت و دەمی هەڵنەپچڕا قسەیەکیش بکات و بە دوو چاوی بزۆێ یەکبینە بە دوای خۆیدام ڕایدەکێشا ، نێوەستا تا گەیشتە لێواری گەماوەکە ، ئنجا بە هەموو هێزی خۆیەوە گوێی بەستەوە و گورج بە مشکەکەوە خۆی هەڵدایە ناو گەماوەکەوە و بە خۆرایی خۆی لە ناو ئاوەکەدا نوقمکرد .

مشکەکەش لە ناو ئاوەکەدا کەوتە پێلە قاژە و خوا خوای بوو خەی لە خنکاندن ڕزگاربکات . بەڵام نەیتوانی ، هەر بەیە پاش تەزەک خنکا و کەوتە سەر ڕووی ئاوەکە … ئەوەی سەیر بوو ، لە دوورەوە هەڵەیەک مشکەکەی بەسەر ڕووی ئاوەکەوە بینی ، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە بەی دابەزی و بە چنگە تیژەکانی گرتی و زەر بە خەرایی بەرزیکردەوە و وەک بایەکی تیژ هەڵفڕی ، جا چونکە کلکی مشکەکەش بە قاچی بڕەکەوە بەسترابوو ، بڕەکەشی لەگەڵ مشکەکەدا بەرزکردەوە . هەتاکە نەوەستا تا گەیشتە سەر لقی درەختەکی بەرز ، کە لە گەماوەکەوە نزیکبوو ، هەرچەندە بڕەکە هەوڵەکی زەری دا خەی ڕزگار بکات ، بەڵام نەیتوانی و لە ئەنجامدا هەتاکە هەردووکیانی خوارد .

جا منداڵە ئازیزەکان ئەم چیرۆکە پەماندەت ، نە دەبوو بڕەکە ئەو کارە خراپە بەرامبەر هاوڕێیەکەی بکات ، دەبووایە لە پێشدا گلەییکانی خەی بە مشکەکە بووتایە ، تا ئەویش بیتوانیایە داکەکی لە خەی بکات ، لەوانەیە هەکاری تایبەتی خەی هەبووبێت ، کە سەردانی بڕەکەی نەکردووە . پاشان ئەم چیرۆکە ئەو پەندە کوردییەمان بیردەخاتەوە ، کە دەڵێت : (ئەوەی چاڵ بە یەکەک هەڵبکەنێت خۆی تێی دەکەوێت) .
تێبینی : ئەم چیرۆکە بە دەستکاریەوە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی و ناوی نووسەری لەسەر نییە .